بڵاوکراوەی سیاسی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستانە

دەورەی تازە

# ئۆکتۆبەر

135

25 ی حوزەیران/ جونی 2026



## چەسپاندنی ناجێگیری سیاسی کوردستان

عوسمانی حاجی مارف

بۆ لاپەڕە ٣



## گفتوگۆی بڵاوکراوەی ئۆکتۆبەر لەگەڵ خەسرەو سایە ، ئەندامی مەکتەبی سیاسی حزب دەربارەی: شڵەژانی بازاڕی دراو و داشکانی نرخی دینار!


بۆ لاپەڕە ٥



## هێرشەکانتان بۆ سەر حیکمەت، بەڵگەی لەسەر حەقبوونی ئەوە!

ڕێبوار ئەحمەد

بۆ لاپەڕە ٨



## سەردانەکەی باراک و چەکی میلیشیاکان!

موحسین کەریم

رۆژانی ١٥ و ١٦ ئەم مانگە، تۆم باراک، نێردەی ترامپ بۆ کاروباروی عێراق و سوریا، سەردانی بەغدا و هەولێری کرد و چاوی بە بەرپرسانی عێراق و هەرێم کەوت. ئەگەرچی سەردانەکەی تۆم باراک کۆمەڵێک بابەتی سیاسی و ئابورییشی لەخۆگرتبوو، بەڵام مەسەلەیەکی زۆر گرنگ پرسی ئەمنی و جێگیری سیاسی بوو له قۆناغی دوای جەنگی ٤٠ رۆژەی ئەمریکاو ئیسرائیل بەرامبەر بە ئێران و کاریگەری و لێکەوتەکانی لەئاستی ناوچەکەو عێراق، کە ناوچەیەکی نفوزی بەهێزی سیاسی و ئەمنی ئێرانە.

بێگومان یەکێک لە بابەتەکان، چ لەگەڵ بەرپرسانی بەغداو چ لەگەڵ بەرپرسانی هەرێم لە هەردوو حزبی یەکێتی و پارتی، پرسی ئابوری و گرێدانەوەی زیاتری ئابوری عێراق و کوردستان بوو بە ئەمریکاوە، لەبواری ووزەو بەرهەمهێنانی نەوت و رەخساندنی دەرفەتی زیاتر و گونجاو بۆ کۆمپانیا ئەمریکیەکان بۆ وەبەرهێنان لە عێراق و کوردستاندا. ئەمەش بەبێ دابینکردنی دۆخێکی ئەمنی گونجاو و جۆرێک لە جێگیری سیاسی لەڕوانگەی بەرژەوەندیەکانی ئەمریکاوە مەیسەر نابێ. بەڵام لەلایەکی دیکەوە دابینکردنی ئەو دۆخە ئەمنی و جێگیریە سیاسیە بەبێ کورتکردنەوەی دەستی ئێران لە عێراق و کوردستاندا لەتوانادا نابێت. ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە ئەمریکا وەکو بەشێک لە ستراتیژی سیاسی خۆی لە مامەڵەکردن لەگەڵ ئێراندا وەکو هێزیکی نەیاری ناوچەیی ئەمریکاو پێگەی ئێران لەچوارچێوەی ململانێ جەمسەرە

بۆ لاپەڕە ٢

* مزگەوتی گەورەی بارزانی: کڕینی شەرعییەت بە "کۆنکرێتی پیرۆز" و پارەی دزراوی کرێکاران!

توانا محەممەد نوری .... لاپەرە ١٢

* شەر و دبلۆماسی لە سیاسەتی ئەمریکادا!

عوسمانی حاجی مارف.....لاپەرە ١٤

**ئازادی، یەکسانی، حکومەتی کرێکاری!**

# درێژەی....... سەردانەکەی باراک و چەکی میلیشیاکان!

جیهانیەکاندا، پێویستی بەوە هەیە لەپاڵ فشارەکانی دیکەیدا لە پرۆسەی ئاگربەست و دانوسان لەگەڵیدا، نفوزی ئێران لە عێراقدا تا ئەو ئەندازەیەی بۆی دەکرێ، کەم بکاتەوە یان سفر بکاتەوە!

ئەمریکا بۆ بەجێگەیاندنی دەرکێشانی عێراق لەژێر هەژمونی ئێراندا سالانێکە بەشێوازی جۆراوجۆر فشار لە حکومەتەکانی عێراق دەکات و بگرە هاوشانی ئێران هەوڵیداوە کە پۆستی سەرەک وەزیرانی عێراق بەبێ رەزامەندی ئەو یەکلانەبێتەوە. پێبەپێی لاوازبوونی نفوزی سیاسی– جەماوەری ئێران لە عێراقدا، بەتایبەتی لەناو هاولاتیانی سەر بە مەزهەبی شیعەدا، زەمینەی کاریگەربوونی ئەم سیاسەتەی ئەمریکا زیاتر بووە.

لەدوای رووداوەکانی سوریا و لاوازبوونی دەروی ناوچەیی ئێران و دواتر توندبونەوەی ململانێکان و گەیشتنی بەشەڕی ئەمریکا و ئیسرائیل دژ بەئێران، ئەمریکا هەست بەوە دەکات کە دەرفەتێکی باشتری دەست کەوتوە بۆ سفرکردنەوەی رۆلی ئێران لە عێراقدا. تەنانەت ڕێگریکردن لە کاندیدبوونی مالکی بۆ پۆستی سەرەک وەزیران بەڵگەیەکی بەهێزبوونی نەخشی ئەمریکایە لە دۆخی سیاسی عێراقدا. ئەمریکا، ئەگەر لە پرۆسەی ئاگربەست و ڕێکەوتن لەگەڵ ئێراندا بە ئامانجی دڵخوازی بگات، ئەوکات حکومەتی عێراق و گروپە سیاسیە چەکدارەکانی سەر بە ئێرانیش دەکەونە ناو ئەو فەزای ڕێکەوتنەوە. بەڵام تا ئەوکاتەی ئەوە ڕوودەدات، یاخود بەپێچەوانەوە ئەگەر دەورەیەکی دیکەی کێشمەکێش لەنێوان ئەمریکا و ئێراندا دەست پێبکاتەوە، ئەمریکا بەردەوام دەبێ لەسەر فشارەکانی بۆسەر حکومەت و هێزە سیاسیەکانی عێراق!

لەسەر بنەمای ئەم سیاسەتەیە بەرامبەر بە ئێران، کە ئەمریکا پێداگری لەسەر دامالینی چەک لە میلیشیاکانی سەر بە ئێران دەکات بۆ ئەو مەبەستەش تۆم باراکی ڕەوانەی بەغدا کردوە. دەستەواژەی کۆنترۆڵکردنی چەک لە دەستی دەوڵەتی فیدرالدا، لەئێستادا بیانوویەکی یاساییە بۆ چەککردنی هەموو ئەو گروپ و میلیشیا چەکدارانەی لە بازنەی سیاسەتی ئێراندا دەسورێنەوە. ئەوەی چەندە ئەم هەنگاوە قابیلی جێبەجێبوونە، مسۆگەر نیەو پرۆسەیەکی ئالۆزو سەختە. ئەمریکا ناتوانێ لەڕێگای سەرۆک وەزیرانێکەوە کە پشتیوانەیەکی سیاسی– سەربازی و جەماوەری لە پشت نیە و هەر دەبێ لەلایەن رەوت و گروپە شیعەکانی سەر بە ئێرانەوە کاندید و ڕەزامەندی لەسەر بدرێ، تەنها بە فشاری ئابوری و سیاسی حکومەتی عێراق ناچار بکات کە ئەو گرێ ئالۆزو خەتەرناکەی بۆ بکەنەوە!

فاکتەرێکی دیکەی فشار بۆ سەر حکومەتەکەی زەیدی، لەئێستادا دەکرێ لەڕوانگەی ئەمریکاوە هەرێمی کوردستان بێت. ئەمریسکا، لەڕێگای نفوزی خۆی بەسەر هەردوو حزبی دەسەلاتداری کوردایەتی؛ یەکێتی و پارتیدا، کە لەسایەی سیاسەتە جەنگخوازەکانی ئەمریکاوە لەعێراق و ناوچەکەدا دەستیان لە دەسەلاتی کوردستان و شەراکەت لە حکومەتی ناوەندا گیربووە، هەوڵ دەدات کاریگەری نفوزی ئێران کەم بکاتەوە، لەکاتێکدا دوای ڕووداوەکانی ١٦ ی ئۆکتۆبەری ساڵی ٢٠١٧ و فراوانبوونەوەی دەسەلاتی حکومەتی ناوەند بەسەر هەرێمدا، هەرێمی کوردستانیش زیاتر دەکەوتە ژێر هەژمونی ئێرانەوە!

کۆبونەوەی تۆم باراک لەگەڵ بەرپرسانی پارتی و یەکێتی، لەکاتێکدا کە سەرانی ئەو دوو حزبە لەناو بنبەستێکی کوشندەدا گیریان خواردوە و هوشداری پێدانیان بۆ کاراکردنی پەرلەمان و دروستکردنی حکومەت و پەلەکردن لە ڕێکخستنی هێزە چەکدارەکانی ئەو دوو حزبە لەناو بەدەنەیەکی سەربازی یەکگرتوودا، ئاماژەیە بۆئەوەی کە هێشتا ئەمریکا پێویستی بە یەکێتی و پارتی و حکومەتی هەرێم و هێزی چەکداری ئەوان هەیە. کاتێک تۆم باراک پێداگری لەسەر ئیدەی" چەک تەنها لەدەستی حکومەتی فیدرالدا بێت" و لەدەرەوەی یاساو دەوڵەت هیچ هێزیکی چەکدار نەبێ، بەڵام پاکانە بۆ پێشمەرگەو هێزە چەکدارەکانی پارتی و یەکێتی دەکات، گوایە لەچوارچێوەی دەستوردان، نیشانەی ئەوەیە کە پرسی چەکدامالین و هەلوەشاندنەوەی میلیشیا چەکدارەکان لەئێستادا بۆ ئەمریکا تەنها ئەوانەیە کە لەسەر ئێران هەژمار دەکرێن! هەرکاتێک ئەمریکا بتوانێ حکومەتی عێراق لە ئێران دوور بخاتەوەو بیکێشێتە ژێر هەژمونی خۆیەوە، ئەوسا چارەنوسی هێزە چەکدارەکانی پارتی و یەکێتی لە هێزەکانی هەسەدە باشتر نابێت!

ئۆکتۆبەر بڵاوکراوەی سیاسی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستانە

سەرنوسەر : موحسن کەریم

ئۆکتۆبەر بخوێننەوە و بەدەستی دۆستان و ئاشنایانی خۆتانی بگەیەنن!

بۆ پەیوەندیگرتن: فایبەر و واتس ئەپ و مۆبایل: 0044(0)7394013135

ئیمێڵ: Muhsin_km@yahoo.com

ماڵپەڕی ئۆکتۆبەر: https://octobernewspaper.infinityfreeapp.com/?i=1

ئۆکتۆبەر لە فەیسبووک: October بڵاوکراوەی ئۆکتۆبەر

# چەسپاندنی ناجێگیری سیاسی کوردستان

عوسمانی حاجی مارف

پەیوەندی نێوان هەولێر و بەغدا میراتێکی دووروودرێژی ناکۆکیان لەسەر داهات و نەوت و گاز و بودجە و هێزی چەکداری و بەڕێوەبەرایەتی کارگێری و سیاسی و یاسایی و دەستوری هەڵگرتووە. زۆرجار بەئاشکرا دەبینین کە مووچە دەبێتە مایەی دڵەڕاوکێ بۆ دەیان هەزار خێزان، کە وەک ڕێبوارێک چاوەڕێی هاتنی بەسەلامەتی هەموو مانگێکی دەکرێت. هەرکاتێک تەواوی ناوچەکە ڕووبەرووی گۆڕانکاریە سیاسی و ئابوریە خێراکان دەبێتەوە، ناکۆکی و کێشەکانی نێوان بەغدا و هەولێر توندتر و ئاڵۆزتر دەبنەوە.

لە دۆخێکی ئەم جۆرە پەیوەندیە لەرزۆک و ناجێگیریەدا، حکومەتی هەرێمی کوردستان هیچ کات بەدوای ئەوەدا نەبووە چۆن دەتوانێت دەستکەوتی بەرچاو و سەقامگیر بەدەست بهێنرێت، بەڵکو چۆن خۆی دەپارێزێت و ڕێگری لە پەرەسەندنی قەیرانەکان بکرێت، بۆ ئەوەی بەتەواوی ئیفلیج نەکرێت، یان بێئاسۆیی لە جوڵەی ژیاندا لەناو زریانی پشێودا بە بێ وەڵام دەسورێننەوە. گرنگ ئەوەیە بەهەر ڕێگایەک بێت دەستکەوتێکی دارایی خێرا بەدەست بهێنن.

بۆ پۆستی سەرۆکایەتی وەزیران لەساڵی ٢٠١٩وە مەسرور بارزانی دامەزرێنرا، هەر لە سەرەتاوە لەبەرامبەر کۆمەڵێک کێشە ڕوبەڕوو بووەوە، کە لە ماوەی سەرۆکایەتیەکەیدا دروست نەبوبون، بەڵکو بەسادەیی بە ئامادەیی لەسەر مێزەکەی دانرابون، ئەم پرسانە لە گرژیە سیاسی و ئابوریەکانی ساڵانێکەوەیە کە لە نێوان هەولێر و بەغدا سەرچاوەی گرتووە، هەروەها پرسەکانی دیکەی پەیوەست بە قەیران و نا جێگیری ئابوری و لاوازی خزمەتگوزاری و نالەباری ژێرخانی هەرێمی کوردستان و دوو ئیدارەیی و گەندەڵی فراوان، واقیعیەتی پێکهاتەی خودی دامەزراوەکانی هەرێمی کوردستانە، مەسرور نەک نەیویست ئەوانە تێپەڕێنێت، بەڵکو بونی خۆشی بەسەرۆک وەزیران و مانەوەی وەک کاربەڕێکەر بۆتە کێشەیەک و جێگای بۆهیچ پرنسیپێکی حوکمداری شارستانی نەهێشتۆتەوە.تا ئێستاش وەک حکومەتێکی کاربەڕێکەر و لە دۆخی چەقبەستوی پەیوەندی پارتی و یەکێتیدا، بەبێگوێدانە دۆخی ژیان و گوزەرانی خەڵک، هەردوو حزب مامەڵە بە قەیرانە ناوخۆیی و پەیوەندیەکانی بەغداو هەولێرەوە دەکەن، لە دۆخێکی چاوەڕوانیادا خۆیان و خەڵکیان ڕاگرتووە.

قەوارەی سیاسی هەرێم هەمیشە لە ناکۆکی و تێڕوانینی جیاواز و بەردەوامی کێشەکان سەبارەت بە بەڕێوەبردنی پرسە هەستیارەکان، کەمی نەهێناوە، دابەشبونی هەرێم بە زۆنی زەرد و زۆنی سەوز لە ناچاریدا هەمیشە مامەڵەی ئاستی هاوسانگی هێز و نفوزی سیاسیان بووە، زۆرجار حکومەتەکانی هەرێم خۆیان وەها دەبینی کە ناچار بوو بە کردەوەکانی هاوسەنگی سیاسیدا بڕوات و ڕێکەوتنێک پێکبهێنن و گرژیەکانیان بۆ دەورانێک رابگرن، بەڵام لە قەیرانێکی تردا هەمان لۆژیکی گرژیەکان دەست پێدەکاتەوە.

گەورەترین تاوانی عەقڵی سیاسی حزبەکانی کوردایەتی ئامادەنەبون و نەویستن و نەتوانینیانە بۆ ڕزگاربوون لە دەسەڵاتی دوو حزبی و هێزی میلیشیا و پاشکۆ بونیان بۆ لایەنێکی دەرەکی و دانەمزراندنی حکومەتێکی سەراسەریە لە تەواوی هەرێمدا.

کاتێک دوای شەڕی کەنداوی یەکەم، هێزەکانی پارتی و یەکێتی هاتنە ناو شارەکان و ناوچەی ئارام جێگیرکرا، چەکەکان بێدەنگ بون و فرۆکە جەنگییەکان لە دوای بەهاری پڕ لە گێژاوی ساڵی ١٩٩١ لە کوردستانی عێراق قیژەی خۆیان وەستاند، خەڵکی کوردستان کە لە دۆزەخی کۆچێکی بەرفراوان بەرەو سنوورەکانی ئێران و تورکیا هەڵاتبون، پێیانوابوو کە لاپەڕەیەکی نوێی ژیان دەستی پێکردووە. هەمووان دڵخۆش بوون بە ئاسۆی دانیشتنی بەرەی هێزەکان، کە لەسەر مێز گفتوگۆیان لەگەڵ سەدام حسێندا کرد، زۆرینەی خەڵک کەوتنە وەهمی ئەوەی "خەباتی" ئەو هێزانە بەرهەمی هێناوە، دەسەڵاتی "خۆبەڕێوەبەری" فراوانکراوەکانی ئامانجەکانە و کۆتا لوتکەی هیوایە.

بەڵام لە جەنجاڵیی گەرمی سۆزداری و خۆشحاڵی خەڵک بۆ دەربازبوون لە کابوسی ترس و بۆمب و کیمیاوی بەعس و سەدام، ئەوە لەبیرکرا کە بەگفتوگۆی حزبە ناسیۆنالستەکان و هێزی میلیشیا و دواتر جێگیرکردنی دەسەڵاتی سیاسیان، شەڕەکان و بارگرژی و نائارامی و ناجێگیری سیاسی کۆتایی نایەت، بەڵکو تەنیا کاتێک کۆتاییان دێت کە دەور و دەخالەتی ڕاستەوخۆی خەڵک لەدەسەڵاتی سیاسیدا جێکەوتبێت.

دانوستانەکانی بەغدا لە ساڵی ١٩٩١ کە شاندی پارتی و یەکێتی بە ناوی "شۆڕش" و بەدواداچوون بۆ دانپێدانان بە ئۆتۆنۆمی مامەڵەیان دەکرد و لە پشت دەرگا داخراوەکانەوە ئەنجام ئەدران، تیشکی دەخستە سەر بونی تەمومژێک لە ئایندەی کوردستان و نارۆشنی لە چارەنوسی خەڵکی کوردستاندا، کە

ئاکامەکەی لە ماوەی ئەم ٣٥ ساڵەی دەسەڵاتدارییاندا چەندین کارەسات و بارگرانی دۆخی ژیان کرانە دیاری بۆ خەڵک.

هەر لەسەرەتاوە پارتی و یەکێتی بەتەواوی تەرکیزیان لەسەر هێڵکاریی سنوورەکانی خۆبەڕێوەبەری خۆیان و دەستەبەرکردنی دانپێدانانی سیاسی و دیاریکردنی چۆنیەتی جیاکردنەوەی دەسەڵاتی ئیداریان بوو، کە زۆر بەسادەیی و بە پەلە رەسمیەتیاندا بە دابەشکردنی هەرێم بە دوو زۆن، باسێک و ئاراستەیەک لەسەر دەوڵەتداری بەهیچ جۆرێک لە بیر و کاریاندا نەبوو. ئەم شێوازەش گونجاوترین رێرەوێک بو بۆ تالانی و دەستبەسەراگرتنی سەرەوەت و سامانی کوردستان و دابەشکردنی لە نێوان خۆیاندا، هەر بۆیە لەسەرەتاوە کەوتنە گیانی یەکترو چوار ساڵ خەڵکی کوردستانیان بە شەری ناوخۆوە سەرقاڵ کرد، ڕەگی ئەبەدی قەیران و قۆرخکردنی دەسەڵات و دابەشکردنی هەرێم، ئەو ڕێچکە وێرانکەرەیە کە لە هەرێمی کوردستان جێبەجێ دەکرێت.

ئەم پێکهاتە کوشندەیەی دەسەڵاتی سیاسی لە هەرێم و لە ساڵی ١٩٩١وە تەنیا ڕووداوێکی تێپەڕ نەبوو کە بەهۆی بارودۆخی ئەو ساتەوەختە رێکخرابێت، بەڵکو بەردی بناغە و مۆدێلی دەسەڵاتی ناسیۆنالستی کوردە کە نە دەیەوێت و نەدەتوانێت لەوە زیاتر بەرهەم بهێنێت، هەرچەندە ماوەیەک لەژێر ناوی ئابوری سەربەخۆداو بەدیاریکراوی لەکاتی ریفراندۆمدا بارزانی بانگەوازی بۆ جۆرێک لە دوورکەوتنەوە لە عێراق دەکرد، بەڵام دوای شکستهێنانی ریفراندۆم و ئابوری سەربەخۆ، دوبارە گەرایەوە سەر ستراتیژی پاراستنی یەکگرتوویی عێراق.

لەلایەکی ترەوە وەک نەریتێکی سیاسیان، تەنها کەسانێک لە پۆستە سەرەکی و باڵاکاندا دادەمەزرێنن، کە ئەندامی بنەماڵەکەیان و دڵسۆزی حزبەکەو سەرۆکی حزبەکەیانە. لەوبارەیەوە کێشە لە نێوانیاندا دروست دەبێت، هەروەها ساڵانە ملیۆنان دۆلار دەچێتە سەر حسابەکانیان. چونکە دانانی کەسی ناکارامە و گوێڕایەڵ لە پۆستەکاندا کافیە بۆ ئەوەی دۆخەکە ڕاگرن و بەهیچ جۆرێک بیر لەدامەزراندنی دەوڵەت و خواستەکانی خەڵک نەکرێتەوە، تا سود لەو دۆخە ناجێگیرە وەرگرن، بۆ چەسپاندنی گەندەڵی و بازرگانی و قاچاخچێتی و دەستبەسەراگرتنی سەروەت و سامانی کوردستان.

کارەساتێکی گەورەی هەرێمی کوردستان لەسەرەتاوە ئەوەیە، لە ساڵی ١٩٩٢ەوە، ئەم "رێچکەی وێرانکەرە" جێبەجێکراوە. لەبری ئەوەی پێوەرەکانی لێهاتوویی و شارەزایی زانستی و کارگێڕی لە پڕکردنەوەی پۆستە هەستیارەکاندا بە بنەما وەرگیرێت بەڵکو بەپێی لایەنگری بنەماڵەیی و بەرژەوەندی تەسکی حزبی بەرەوپێشچون،

بەردەوامیشی تا ئەوڕادەیەی کە وەک نەخۆشییەکی ساری بەسەر تەواوی دامەزراوەکانی پێکهاتەی حکومەتدا بڵاوبۆتەوە، هیچ ئاسۆیەک لەخودی پێکهاتەی ئەو سیستمەدا نەک گۆڕانی تیا نابینرێت، بەڵکو ناتوانێت چاکسازیش لە خۆیدا قەبوڵ بکات.

ئێستا زیاتر لە جاران و هاوکاتی ئاڵوگۆری ناوچەکە بەتایبەتی لە دۆخی شەری ئەمریکا و ئیسرائیل لەبەرامبەر ئێراندا، دۆخی هەرێم و سیستمی حوکمرانیەکەی لێژتر و ململانێکانی قوڵتر بۆتەوە، رێکەوتنی پارتی و یەکێتی سەختر بووە، نا ئارامی فراوانترە، ئەم دۆخە بە نیەتی چاکی ئەکتەری حزبەکان و دەسەڵاتدارەکان و ئۆپۆزیسیۆنی بۆرجوازی نە پاک دەکرێتەوە و نە دەتوانن ئاڵوگۆربکەن. ئەوەی دەتوانێت ئەم دۆخە بە حاڵتێکی ئەرێنی بگەیەنێت، نارەزایەتی و راپەرین و شۆرشێکە تەواوی دامودەزگاکانی ئەم حکومەتە هەڵوەشێنێت، راپەرینێک دەست پێبکات کە دابینی دەور و دەخالەتی راستەوخۆی خەڵک دابین بکات لە دەسەڵاتی سیاسیدا.

★

**کۆمەڵگەی مۆدێرنی کوردستان، وەکو کۆمەڵگەیەکی سەرمایەداری، تیایدا جیاوازی چینایەتی نێوان چینی سەرمایەدار و چینی کرێکار و جەماوەری ستەمدیدە، بەوپەڕی خۆی گەیشتوە. ناکۆکی نێوان ئەم دوو چینە، ناکۆکی سەرەکی کۆمەڵگەیە و سەرجەم کێشە و ناکۆکییەکانی تر لە دەوری ئەمە تەوەرەیان بەستوە. لەماوەی ٣٠ ساڵی ڕابردوودا دەسەڵاتی حزبە بۆرژوا-ناسیونالیستەکان، وەکو نوێنەر و دەسەڵاتی چینی بۆرژوازی کورد ڕۆڵی خۆی گێڕاوە و لەسایەیدا کەمایەتییەکی کەم لەسەر حسابی چەوساندنەوەی چینی کرێکار و سەپاندنی هەژاری و نەداری و کوێرەوەری بەسەر زۆربەی هەرە زۆری دانیشتواندا، بوون بە میلیاردێر و لەناو سەروەت و ساماندا نوقم بوون. لەلایەکی ترەوە کۆمەڵگەی کوردستانی ئەمڕۆ لەڕووی پەرەسەندنی ئابووری و پیشەسازی و بەهرەمەندبوونی لە سەروەت و سامانێکی زۆرەوە، زەمینە بابەتییەکانی بەرپاکردنی کۆمەڵگەیەکی سۆشیالیستی تیادا فەراهەم بووە کە لە سایەیدا هەموان خۆشگوزەران بژین. ئەمانە چینی کرێکار و بزووتنەوەکەیانی کردوەتە هێزی بنەڕەتی بۆ ئاڵوگۆڕی شۆڕشگێڕانە و شۆڕشی کۆمەڵایەتی ئەم چینەیان کردوەتە کارێکی پێویست و دەستبەجێ و لەڕووی بابەتیشەوە مومیکن.**

# گفتوگۆی بڵاوکراوەی ئۆکتۆبەر لەگەڵ خەسرەو سایە ، ئەندامی مەکتەبی سیاسی حزب دەربارەی:
# شڵەژانی بازاڕی دراو و داشکانی نرخی دینار!

**ئۆکتۆبەر: بەهۆی بەرزبونەوەی خێرای نرخی دۆلارو داشکانی بەهای دیناری عێراقیەوە، شلەژانێکی خێرا لەبازاڕەکانی عێراق و هەرێمدا پێکهاتوە. لەم بارەوە باس لەوەدەکرێ کەئەم شلەژان و دارمانەی نرخی دینار لەبەرامبەر دۆلاردا بۆ ئەو گۆڕانکاریانە دەگەڕێتەوە کەلە پۆستەکانی بەرپرسیارێتی بانکی مەرکەزی عێراقدا، لەلایەن حکومەتەکەی عەلی زەیدیەوە دەستی بۆبراوە، هەشە پێیوایە کەڕێژەی دۆلار لەبازاردا کەم بۆتەوەو خواست لەسەر دۆلار زیادی کردووە.. بەرای ئێوە ریشەی ئەم دۆخە لەکوێدایە؟ تاچەند داشکانی نرخی دینار پەیوەندی بەوگۆڕانکاریانەی حکومەتی عێراق ومەسەلەی خواست و ختستنەڕووی دۆلارەوە هەیە؟**

خەسرەو سایە: سەرەتا دەبێ ئەوە ڕاستبکەینەوە کە لەم شلەژانەدا ئەوە نرخی دۆلار نیە کە بەرزبوەتەوە و بەهۆیەوە نرخی دیناری عێراقی داشکاندبێت، چونکە بەرزو نزمکردنی بەهای دۆلار لەبنەڕەتەوە پەیوەندی بەبازاڕی جیهانی و ئەو مەنزومە دراوەی جیهانەوە هەیە کە دۆلار تێیدا مەرکەزە وهەژمونی هەیە. واتە دۆلار کاتێک دەتوانین بڵێین کە نرخەکەی زیادوکەمی کردووە کە لەبەرامبەر دراوە جیهانیەکانی وەک، یۆرۆ، پاوەند، یەنی ژاپۆنی ودراوی چینیدا گۆڕانی بەسەردا هاتبێت، کەئەمەش ڕاستەوخۆ وەک دەرکەوتە و بەرئەنجامێک لەڕوودانی ئاستی پاشەکشە وگەشەی ئابوری لەم ولاتانەدا، بەگشتی و ڕێژەی پەرەسەندن و داشکانی ئاستی پەرەسەندنی ئابوری ئەمریکادا، بەتایبەتی دەردەکەوێت. بۆیە ئەو شلەژان وداشکانەی کە رووی لەدیناری عیراقی کردووە، ڕاستەوخۆ پەیوەندی بەبازاری ناوخۆی عێراق ورۆڵی حکومەت ودەخالەتی دەوڵەت لەدۆخی ئابوری کۆمەڵگادا، بۆ بەدیهێنانی ئامانجێکی دیاریکراو سەری هەڵداوە. بەواتایەکی تر ئەوە حکومەتە کە نرخی دیناری شکاندووە لەبەرامبەر دۆلاردا، ئەمەش بۆ دوو ئامانج ومەبەست: یەکەمیان پڕکردنەوەی کەمهێنانی بودجە وخەرجیەکانی دەوڵەتە و دوەمیان بۆ کۆکردنەوەی سیولەی نەقدیە بەدینار تا خەرجیەکانی دەوڵەتی پێ پڕبکاتەوە. ئەمە لەکاتێکدایە کەحکومەت بەهۆی دۆخی جەنگ وداخستنی گەروی هورمزەوە ڕوبەڕوویی کەمبوونەوەی داهاتی نەوت، بەڕێژەی ٦ تریلیۆن دۆلار بۆتەوە، یانی بەهۆی کەمبونەوەی هەناردەکردنی نەوتەوە بەڕێژەی ٣ ملیۆن وچەند سەدهەزار بەرمیل نەوتی ڕۆژانەوە بۆ ٢٥٠ تا ٣٠٠ هەزار بەرمیل ڕۆژانە. بەمەش توانای کۆکردنەوە وبەدەستخستنی ڕێژەی دۆلاری پێویست لەداهاتی نەوتەوە لەدەست داوەو توانای ختستنەبازاڕی دۆلاری لەدەستداوە، کە بەر لەجەنگ دەیتوانی لەرێگای ختستنەڕوو (بەبازاڕکردنی) ٢٠٠ بۆ ٢٥٠ ملیۆن دۆلار ڕۆژانەوە، هاوسەنگی نرخی دینارو دۆلار بەئاستێک هاوسەنگ بکا وجوڵەی بازرگانی و هێنان و بردنی کاڵاکان بەدەستەوە بگرێت و لەئەنجامدا هەموو ئەو نەختینە پێویستەش کە بەدینار لەئارادایە کۆبکاتەوەو وەڵام بەبودجەو خەرجیەکانی حکومەتی پێبداتەوە. کەوایە هۆکارەکە سیاسەتی حکومەت و دەخاڵەتی دەولەتە لەم کێشەیەدا، ئەگەر هەر هۆکارێکیتر هەبێت، لەوانە گۆڕانکاریەکی ئیداری لەبانکی مەرکەزی عێراقدا، وەیان هۆکاری گۆرانکاری لەڕێژەی داواو ختستنەڕووی دراودا ڕوبدابێت، لە سێبەری سیاسەتەکانی حکومەت و ئەو دەخاڵەتەی کەکردویەتی ڕۆڵیان گێراوە.

**ئۆکتۆبەر: ئێوە وەک هۆکارێکی سەرەکی لەپەیوەند بەم شلەژانەی بازاڕی دراوەوە، ئاماژەتان بۆ دەخاڵەتی حکومەت و سیاسەتەکانی کرد، ئەگەر بکرێ زیاتر ئەمە روون بکەنەوە. واتە چۆن حکومەت خۆی هۆکاری دابەزینی نرخی دینارە بەرامبەر بەدۆلار؟**

خەسرەوسایە: سەرەتا ئەوە بڵێم کە داشکانی نرخی دینار لەبەرامبەر دۆلاردا، لەئێستادا گۆشەیەکە لەو سیاسەتە چاکسازیەی کە کابینەکەی عەلی زەید بەناوی سیاسەتی چاکسازیەوە، لەسەربنەمای گۆرینی "بودجەی برگە" بۆ "برگەی بەرنامە" بڕیاری لێداوە. بەپێی ئەم سیاسەتە چاکسازیە تازەیە، ڕیکخستنەوەی دارایی وداهاتی حکومەت و دیاریکردنی بودجەی ساڵانەو بەش بەشکردنەوەی بۆ کەرتەکان لەهەرمانگێکدا، لەسەر بنەمای "ڕێکخستنەوەی هەموو بەشەکانی کەرتی خزمەتگوزاری و ئاوەدانکردنەوە و موچەی فەرمانبەران و ئەو پڕۆژانەیە کە بۆ ئەم بوارە دادەنرێت. ئەمە لەکاتێکدایە کە عەلی زەیدی ئەو ڕاستیە دەبینێت کە لەلایەک نزیکەی ١١ ملیۆن موچەخۆر هەیە کەدەبێ مانگانە موچەیان بۆ دابین بکرێ و لەلایەکی تریشەوە لەگەڵ کەرتێکی فراوانی خزمەتگوزاریەکانی وەک گەیاندن، ئاو

⇦

و كارەبا، ڕێگاوبان، تەندروستی وپەروەردە و .. لەپاڵ خەرجیکی زەبەلاحدا، کە بۆ دامودەزگا وبەریوەبەرایەتیەکانی حکومەت و پەرلەمان وهێزی چەکدار و.. سەرفدەکرێ بەرەو رووە و هەموو ئەمانەش تەخسیسکردنی زیاتر لە٦٢٪ی ڕێژەی بودجەی ساڵانەی ولاتی پێویستە. هەربۆیە ناوەڕۆکی چاکسازیەک کە عەلی زەیدی و کابینەکەی بڕیارە پەیرەوی لێبکات بریتیە لە کەمکردنەوەی بودجە و تەقلیسکردنی کەرتی خەدەمات وخەرجیەکانی دەوڵەتە، وەک پێشینەیەکیش لە بردنەپێشەوەی ئەم سیاسەتەدا و بەتایبەتیش بۆ وەڵامدانەوەی خێرا بەو دۆخە نالەبارەی کەجەنگ لەناوچەکەدا بەسەر ئابوری عیراقدا سەپاندویەتی، دەستبردنە بۆ داشکانی نرخی دینار، جیخستنی سیستمی ئەسیکودا و بەرزکردنەوەی ڕێژی باجەکان بۆ ئاستی لە١٥-١٧٪ لەژێر ناوی کالای ناپیویست وجوانکاری و کارەبایی..دا

ئەگەر زیاتر ڕونکردنەوە بدەم ئەوا عێراق وەک وڵاتێکی بەرهەمهێنی نەوت و گاز و مەوادی ژێرزەوی لەبازاڕی جیهانیدا شوێنی گرتوەو ئابوریەکەی ڕاستەوخۆ لەژێر هەژمونی دۆلاردایە، لەدەورانی ئاساییدا لەرێگای بەرهەمهێنان و هەناردەکردنی ٣ بۆ ٤ ملیۆن بەرمیل نەوتی ڕۆژانەوە، کە تەخمین کراوە هەر بەرمیلێک لەسەرو ٦٠ دۆلارەوە بفرۆشرێ وبودجەی ساڵانەی ١٩٩ ترلیۆن دیناری وەک سەرمایەی پیویست لەدەرەوە بەدۆلار بۆ بازاڕی ناوخۆ سەرەو ژێر بکا و داهات و بودجە ساڵانەی خۆی زامن بکات. لەم چوارچێوەیەدا و تا ئەو جێگەیەی بە جوڵەو ڕێژەی خستنەڕووی دراوەوە لەبازاڕی ناوخۆدا دەگەڕیتەوە، بانقی ناوەندی عێراق بەپێی سیاسەتێک لە"پەنجەرەی سەرفەوە"-( نافذه الصرف)، ڕۆژانە بڕێک دۆلار دەخاتە بازارەوە، کەتائیستا ڕۆژانە بە ڕێژەی ٢٠٠ بۆ ٢٥٠ ملیۆن دۆلار بووە، تا لەم ڕێگایەوە هەم هاوسەنگی نێوان نرخی دۆلار لەبەرامبەر بەدیناردا، کە بەرەسمی دەورانێک بە ١٢٢ هەزار ودەورانێکی تر بە١٣٢ هەزار دیاریکردوە، ڕابگرێ وهەم بتوانێت ئەڵقەکانی بازرگانی وجوڵەی دراو و هەناردەکردن و هاوردەکردنی کالا پیویست و کەمالیەکان، بەوجۆرەی کە "نرخی ڕەسمیە" ڕابگرێ وجوڵەیان پێبکات، تائاستی گەیاندنی بۆ بەردەم بەکاربەران. بەڵام کاتێک ئەم سیستمە بەهەر هۆیەکەوەبێت بەرهەمهێنان و ناردنەدەرەوەی نەوت توشی تێکچون یان ڕاوەستان ببێت، وەک ئەوەی کە لەرودای جەنگی ناوچەکەو داخستنی گەروی هورمزدا لە بەرچاومانە، ئەوا کەمهێنان وئاستەنگیەکی گەورە لەبەردەم داهاتو بودجەی حکومەتدا پێکهاتووە. ئەمە لەکاتێکدایە کە لەسەردەمانی ئاساییدا بودجەی تەخمینکراوی عێراق ساڵانە ٦٠ بۆ ٦٢ ترلیۆن دینار هەرخۆی کەمی هێناوە و لەدۆخی ئێستاشدا بۆ ڕێژەیەکی زۆر زیاتر هەڵکشاوە. جا بۆ وەڵامدانەوە بەم کەمهێنان و ئاستەنگیە، بانقی ناوەندی لەرێگەی پەنجەرەی سەرفی دۆلارەوە بڕی خستنەڕووی دۆلار لە بازاڕەکانی ناوخۆدا ڕێژەکەی کەم بکاتەوە و ئەو هاوسەنگیە کەهەبوە بگۆڕێ بۆ داشکانی نرخی ڕۆژانەی دینار لەبەرامبەر دۆلاردا تا بتوانێت زۆرترین ڕێژەی دینار بەکەمترین ڕێژەی دۆلار لەدەستی حکومەتدا کۆبکاتەوە و هەم کێشەی کەمی نەختینە(سویلەی نەقدی بەدینار) و هەم ئەو کەمهێنانەی کە لەبودجەدا توشی بوە بەهەر ڕادەیەک پڕ بکاتەوە. ئەمە لەکاتێکدا کەحکومەتی عیراق لەگەڵ کێشەی کەمی کارەبا، خانوبەرەو کەمی شوینی نیشتەجێبوون، دابینکردنی مانگانەی ٥ بۆ ٧ ملیار دۆلار بۆ دانی موچەی موچەخۆران، کەمی غاز وبەنزین .. بەرەوڕووە. بەمجۆرە حکومەتی عێراق بۆ وەڵامدانەوە بەم کێشانەو کەمی بودجەی بەردەست، ڕێگای داشکانی نرخی دیناری گرتۆبەر، بەبڕوای من ئەمە جەوهەری ئەو شڵەژانەیە کە رویکردۆتە بازاڕەکانی کالاو دراو چ لەعێراق وچ لەهەرێم.

**ئۆکتۆبەر: وا دەهاتە بەر چاوکە بەهای دینار لەبەر ڕۆشنایی دانوسانەکانی نێوان ئەمریکاو ئێران جێگیر وگەشانەوەیەک بەخۆیەوە ببینی، بەڵام لەئێستادا ئێمە لەگەڵ دۆخێکی تەواو پێچەوانەدا بەرەوڕووین .. تاچەند دۆخی ناوچەکەو ئەو ناکۆکی و بارگرژیەی لەنێوان ئەمریکاو ئێراندا هەیە کاریگەری لەسەر دۆخی ئابوری عێراق بەگشتی و نرخی دینار لەبەرامبەر دۆلاردا هەیە؟**

خەسرەو سایە: بەدڵنیایەوە دۆخی نائارامی ناوچەکە و بارگرژیەکانی نێوان ئەمریکاو ئێران ڕاستەوخۆ کاریگەری لەسەر بازاڕ وئابوری عێراق هەیە. هەروەک ئاماژەم پێکرد ڕاوەستان و کەمبونەوەی بەرهەمهێنان وهەناردەکردنی نەوت، بەهۆی داخستنی گەروی هورمزەوە ئابوری عێراقی گیرۆدەی شەلەلی کردو دەوڵەتی لەگەڵ کەمهێنانێکی قورسی بودجەدا بەرەوروکردۆتەوە. دانوسانەکانی ئێستای نێوان ئێران و ئەمریکا کەهێشتا ئەنجامێکی ئەوتۆی لەکردنەوە و ئاساییکردنەوەی گەروی هورمز وگیرانەوەی ئەمنیەت بۆ ناوچەکە لێ سەوز نەبووە، هەر بەو ئاستەنگی وکەمهێنانەی سەرمایەی پیویست بۆ بودجە و ئەو دۆخە نالەبارەی کەلەئارادایە دەمێنیتەوە.

بەلام سەرەڕای ئەو دۆخەی کە لە ناوچەکەدا هەیە، ئابوری عێراق وەک ئەوەی لەکۆمەڵگای دوای جەنگدایە و هێشتا لەئاسەوارەکانی هەردوو جەنگی کەنداو، ١٩٩١-٢٠٢٣ دا دەرنەچووە وژێرخانی ئابوری سازنەدراوەتەوە، هاوکات خودی ئەوەی کە هێشتا بەرهەمهینانی نەوت هەر بەو ئاستە نزمە لەئامرازو ئاستی ئەو تەکنۆلۆژیایانە دەچەرخێت کەهەبووە، یانی تەکنۆلۆژیای نوێ نەچۆتە بواری بەرهەمهێنانەوە، بەپێویست ئاستی بەرهەمداری و توانای پەرەپیدانی ئابوری نەوت وگاز ومەوادی ژێر زەوی، لەچاو پەرەسەندنی دانیشتوان و گەورەبونەوەی شارەکان، لەگەڵ ناکۆکیەکی بنەرەتی بەرەوڕووکردۆتەوە، کەخۆی لەکەمی داهاتو ئاستی بودجەی پیویستی ساڵانەدا، لەقەیرانێکی بەردەوامدا ڕاگرتوە. ئەوەی کەچاودێران باسی دەکەن، ئەوەیە کە ئابوری عێراق

بۆئەوەی پێبنێتە قۆناغیکی پەرەسەندن و تەوژمیک لەڕوتێکردنی سەرمایەی دەرەکی پێویستی بەوەیە کە ڕۆژانە لانی کەم ٨ ملیۆن بەرمیل نەوت بەرهەم بهێنێ، ئەمە لەکاتێکدایە کە ئاستی تەکنۆلۆژیا وهۆیەکانی بەرهەمهینانی نەوت وگاز ومەوادی ژێر زەوی ئەم توانایەی نیە. لێرەوەیە کە هەموو کابینەکانی حکومەت لەوانەش حکومەتەکی عەلی زەیدی ناچارکردوە بەگرتنەبەری سیاسەتێکی ئابوری بەناوی چاکسازیەوە، تا بەسەر ئەم ناکۆکیەو دەرچون لەئاستەنگی و ئاسەوارەکانی بگرێتەبەر.

**ئۆکتۆبەر: بەپێی بۆچونی چاودێرانی ئابوری ئەو ڕایە هەیە کە ئەو داشکانە کە لەنرخی دیناردا سەری هەڵداوە کاتیە، گەرچی هێشتا دیار نیە لەچ ئاستێکدا ڕادەوەستێت، بەتایبەتیش هەیە پێیوایە کە ئەگەری داشکانی زیاتری نرخی دینار لەبەرامبەر دۆلاردا زیاتر بڕوات.. ڕای ئێوە لەمبارەوە چیە؟ ئایا پێتانوایە ئەم ناجێگیریەی نرخی دینار تاماوەیەکی زۆرتر درێژە بکێشێت؟**

خەسرەو سایە: سەرەتا ئەوە بڵێم کە بەگشتی کێشەی دەوڵەتی عێراق بەتەنها ئابوری نیە، بگرە کێشەیەکی سیاسی و ئەمنیە، حکومەتێک کە لەدەستەوتاقمێکی مافیایی ومیلیشیایی بەناوی دیموکراسیەوە، فەرمانڕەوان، حکومەتێک کە سەراپا لەفەسادو تالاّنچیتیدا غەرقە وبەشی زۆری داهاتی ولات دەچیتە قورگی میلیشیا چەکدارەکان و هەمو ئەو کۆمپانیایانەوە کە سەرانی ئەم دەستەوتاقمانە لەپشتیەوە راوەستاون، بەدلنیایەوە نەک هەر بە "سیاسەتی چاکسازی" کابینەکانی حکومەت چارەسەر ناکرێت، بگرە خودی حکومەت و سیاسەتەکانی گۆڕیوە بەفاکتۆرێکی سەرەکی لەخراپبونی دۆخی ئابوری عێراق وسەپاندنی ئەو شڵەژان وناجێگیریەی بازاڕو ئەو داشکانانەی کە ساڵ لەدوای ساڵ بەسەر نرخی دینار لەبەرامبەر دۆلاردا دێت. بۆیە ئەگەر لەبنەرەتەوە قسەیەک لەگەشەو پەرەسەندنی ئابوری عێراق بکەین، تەنانەت لەڕوانگەی بۆرژوازی و دەوڵەتە جێکەوت و ناسراوەکانی دونیاوە لەئابوری عیراق بڕوانین، ئەوا دەبێ لەپێشدا ئەم حکومەتەو ئەم شیوازە لەدەسەلات کەنار بخرێت. ئەگینا دەسەڵاتداران و بانقە مەرکەزیەکەی لەڕیگای پەنجەرەی سەرفی دراوەوە بەپیی ویستی خۆی و بەرژەوەندیە ڕۆژانەییەکانی یاری وگەمە بەنرخی دینارو هەر دراوێکی تردەکات. هەربۆیە دەستبردن بۆ داشکانی نرخی دینار وەک هەنگاوێکی شاراوەو خۆڵەمێشی لەسیاسەتە ئابوریەکانی دەستەی فەرمانڕاوەی عیراقدا دەمێنیتەوە. ئەوەشی کە تاچەند ئەم داشکانە لەئاستیکدا جێگیر دەبێت، بەرای من پەیوەستە بەئەنجامەکانی ڕێکەوتنی نێوان ئێران وئەمریکا وئاساییبونەوەی دۆخی هورمزو ئەمنیەتی ناوچەکەوە. بەڵام هەروەک ئەوەی ئاماژەکان پێمان دەڵێت ئەگەری ئاساییبونەوەی دۆخی ناوچەکەو کرانەوەی هورمز کاتی دەوێت، تا بابەتی بەرهەمهێنان و هەناردەکردنی نەوت بچیتەوە دۆخی جارانی. بۆیە مەسەلەی هەلکشان و داکشانی نرخی دینارو دۆلار، هەمیشە لەبەردەم مامەڵەو بریاری حکومەتدا دەمینیتەوە و ناجیگیربوونی نرخی دینار وسەرهەڵدانی شلەژانی بازاڕ، وەک حالەتێکی بەردەوام دەمێنیتەوە. هەروەک لەساڵانی پێشوتردا بینیمان کەچۆن نرخی دینار لەبەرامبەر دۆلاردا لە١٢٢ هەزارەوە گۆڕدرا بۆ ١٣٢ هەزارو بۆماوەیەک جیگیرکرا. بەکورتی ئەگەر بڵێم دۆخی سیاسی و ئەمنی و ئابوری ناوچەکەو عێراق پێماندەڵیت کە حکومەتەکەی عەلی زەیدی ناچارە بەوەی کە جارێکیتر پێناسەی نرخی دینار بکاتەوە و بۆ گەیشتن بەئامانجەکانی کە باسمانکرد، نرخێکی تازە بۆ دینار لەبەرامبەر دۆلاردا ڕەسمی بکاتەوە. بۆنمونە لە ١٣٢ هەزارەوە بۆ ئاستی ١٤٠ بۆ ١٤٥ هەزار دینار لەبەرامبەر هەر ١٠٠ دۆلارێکدا، جێگیر و ڕەسمی بکاتەوە. هەرچۆنێک بێت ئەم دۆخە ڕیگەنادات کەنرخی دۆلار بەرامبەر بە١٣٢ هەزار وەک جاران بمێنێتەوە.

**ئۆکتۆبەر: لێکەوتەکانی ئەم شڵەژانە لەهەڵکشان و داکشانی نرخی دینار بەرامبەر بەدۆلار، بۆسەر ژیانی خەڵک چی دەبێت؟ دەبێ ئەوان چی بکەن تا کاریگەریە زیانبارەکانی لەسەر ژیان و گوزەرانیان کەم بکەنەوە؟**

خەسرەو سایە: بەدڵنیایەوە ئەم شڵەژانەی بازاڕو ئەم داشکانەی نرخی دینار، ڕاستەوخۆ لێکەوتەو کاریگەری زیانباری دەبێت بەسەر ژیانی هاولاّتیان بەگشتی و خەڵکی کرێکارو موچەخۆران و بەدیاریکراویش ئەوان لەگەڵ شەپۆلێکی تر لەگرانی و بێکاری بەرەوڕوودەکاتەوە. واتە بەهاتنەخوارەوەی نرخی دینار لەبەرامبەر دۆلاردا، کالاّکانی پێویست بەژیانی خەڵکەوە نرخیان بەرزدەبێتەوە و توانای کڕینیان کەم دەکاتەوە. بەرادەیەک کە ئیتر ئەو موچەو کرێیەی کە کرێکاران و موچەخۆران ڕۆژانەو مانگانە وەک داهات دێتەدەستیان ناتوانێت ئەو بڕەی کە لە گۆشت ونان وخۆراک و پۆشاک ... کە جاران بەو داهاتو موچەیە بەدستیان دەهێنا، بەدەستبهێنن و بەمجۆرەش لەگەڵ هەژاری وبرسێتی و نەبونی و سکهەڵگوشین، بەرەوڕوو دەبنەوە. لەلایەکی ترەوە ئەم داشکانەی نرخی دینار، نرخی بەنزین و سوتەمەنی وگەیاندن وپەیوەندی (ئەنتەرنێت) زیاد دەکات و دیسانەوە بارقورسیەکی زیاتر بەسەر ژیانی خەڵکی کەمدەرامەتدا دەسەپێنی وئەوان بۆ پڕکردنەوەی ئەم قورسایی و گرانیەی کالاّکانی بژێویان ناچار دەبن بەوەی مل بەکاری زۆرتر وچەند کاری بدەن تا باری قورسی سەر ژیانیان سوک بکەنەوە. لەسەرێکی تریشەوە بە تەقلیسی خەرجیەکانی حکومەت و بەریوەبەرایەتیەکان، بێکاری ڕوو لەزیاد بون دەکاو مونافەسەی کرێکاران بۆ بەدەستهێنانی فرسەتی کار توندەکاتەوەو ئەوان ناچاردەکات کە بەموچەی کەمتر لەجاران کاربکەن.. جگە لەمانەش ناجێگیری لەنرخی دیناردا دڵەراوکێ و خراپی باری دەرونی کۆمەلاّیەتی دەسەپێنێ و پەرە پێدەدا و بەئەکیدی ڕێژەی تاوان و هەڵوەشانەوەی خێزان و هەڵکشانی

ژیانی زگورتی پەرە پێدەدات...

لەبارەی ئەوەشەوە کەدەبێ خەڵک چی بکات بەرامبەر بەم دۆخە، بەپلەی یەکەم دەبێ خەڵکی کرێکارو زەحمەتکێش وموچەخۆران بەتایبەتی ئەو راستیەییان لەبەرچاوبێت کە تا ئەم حکومەتەو دەستەو تاقمەکانی لەسەرکاربێ وموقەدەراتی خەڵکیان لەدەستدابێت، دەبێ چاوەڕوانی هەمووشتێک بکەن، بۆیە خەبات بۆ روخان و وەلانانی ئەم دەسەڵاتەو هێنانە سەر کاری حکومەتێک کەلەدەستی نوێنەرانی هەڵبژێردراوی خەڵک خۆیاندا بێ و هەرخۆیان سیاسەت و ئابوری و داهاتی کۆمەڵایەتی بەدەستەوەبگرن وبیخەنە خزمەت ژیانو گوزەرانی خۆیانەوە، یەکەمین هەنگاوە لەسەر رێگای دەربازبون لەم دۆخەو هەموو ئەو گەمەیەی کە دەسەلاتداران بەژیانی هاولاتیانەوە دەیکەن. بەلام تاکاتێک ئەم هەنگاوە نەنراوە لەلایەن خەڵک و بزوتنەوە نارەزایەتیە جەماوەریەکانەوە، ئەوا خەبات لەدژی گرانی و بێکاری و بۆ باشکردنی بژێوی، هێنانەمەیدانی هێزی فراوان و یەکگرتوانەی جەماوەری خەڵکی پێویستە. بزوتنەوەیەک کە خواستی زیادکردنی موچە بەپێی گرانبونی نرخی کالاکان وداشکانی نرخی دینار، دەستراگەیشتنی هاولاتیان بە خزمەتگوزاریەکانی ئاو و کارەبا، هاتوچۆ و خانوبەرە، پەروەردەو تەندروستی.. بەنرخێکی گونجاو لەچاو کرێی کرێکاران و موچەخۆراندا، کار یان بیمەی بێکاری ... کردۆتە سەرلەوحەی خەباتی خۆی. لەیەک وتەدا خەبات بۆ بەرزکردنەوەی موچە و دابینکردنی لانی کەمی بژێوی لەلایەن حوکمەتەوەو سەپاندنی سیستەمی بیمە کۆمەڵایەتیەکان بەخەباتی جەماوەری، تەنها وەلامێکە کە پێگەی ژیان و بژێوی و خەباتی خەڵکی زەحمەتکێش بەرەو ئاستێکی باشتر بگوێزێتەوە.

★

# هێرشەکانتان بۆ سەر حیکمەت، بەڵگەی لەسەر حەقبوونی ئەوە!

## رێبوار ئەحمەد

{ ئەم ووتارەی رێبوار ئەحمەد ئەندامی مەکتەبی سیاسی حزب لە چوار بەش پێکهاتوە. بەشی یەکەم و دووەم لەسەر سۆشیال میدیا بلاوکراوەتەوە. بەلام بەپێی رێکەوتن لەگەڵ نوسەردا بەشی سێهەم و چوارەم سەرەتا لە ئۆکتۆبەردا بلاودەکرێتەوە. تایتلی هەر چواربەشی وتارەکە هەر ناوی یەکەم بەشی وتارەکەی هەڵگرتوە. بەشی دووەم بەناوی ( حیکمەت و ناوەندگەرایی) بلاوکراوەتەوە. بەشەکانی سێهەم و چوارەم تایتلی خۆیان بۆدانراوە. ئۆکتۆبەر}

### -بەشی سێهەم-

### فیدراڵیزم پرۆژەیەکی کۆنەپەرستانە و دژی کرێکارییە

بەڵام با بزانین هونەری ئەم دابەشکاری و دەستەبەندیی کردنەی دانیشتوان و خاک و خۆڵ و دەشت و دۆڵ لە چیدایە و چ ئاسەوارێکی دەبێت لەسەر ژیان و چارەنووسی خەڵک، بە دیاریکراوی لەسەر خەڵکی کوردستان و "کرێکاری کورد". لە پێشدا دەبێ ئەوە روون بێت کە ئەمە هەلاواردن و جیاکارییەکی قووڵ لەسەر بنەمای ناسنامەیەکی ساختە دەخاتە نێو دانیشتووانەوە. ئیتر کەس ناوی هاووڵاتی نییە، هەموو هاووڵاتییەک مۆرێکی قەومی دراوە لە نێوچەوانی؛ هەرکەس یان کوردە، یا فارس، یان عەرەب، تورک، بەلووچ و... هتد. بەشەکەشی بەپێی ئەو دابەشکاری و پێوانەیە دیاری دەکرێت کە کراوە بە بنەما. بەم پێیەش ئەوەی بە کەمایەتی دانراوە، مافی کەمتری هەیە لەوەی بە زۆرایەتی دانراوە. بەم جۆرە هەر لەسەرەتاوە بەشێک لە هاووڵاتیان لەسەر ئەو بناغە راسیستییەی بە کەمایەتی دانراون، مافیان کەمترە لەوانەی بە زۆربە یان زۆرایەتی هەژمارکراون. لە سیستەمێکی وادا، هیچ کات هاووڵاتییەکی سەر بە نەتەوەی کەمینە، مافی یەکسانی نابێت لەگەڵ هاووڵاتییەکی سەر بە نەتەوەی زۆرینە. بۆ نموونە سەرۆکی دەوڵەت دەبێ هەمیشە لە زۆرینە بێت، جێگرەکەی لەو نەتەوەیە بێت کە بە پلەی دووەم دێت و بەم جۆرە بەرەوخوارەوە هەموو پۆست و دەسەڵاتەکان لەسەر ئەم بنەما قەومیە دابەش دەکرێن؛ دروست وەکو ئەوەی ئێستا لە عێراقدا بەکردەوە دەیبینین. لەسەر بنەمای ئەو ناسنامە پوچ و داتاشراوە قەومی و دینیانە گوایە: رەئیسی دەسەڵات بەدەست نوێنەری شیعەیە و رەئیسی پەرلەمان سونەیە و سەرۆکۆماری تەشریفات کە مایەی گاڵتەجاڕی خەڵکی کوردستانە بەڵام خاوەن قاسەیەک لە پارەیە، کوردە و "کەمایەتی"یەکانی تریش لەبەرماوەی ئەمانەیان پێدەدرێت.

هیچیشیان بای سەلکەتورێک بایەخیان نیە لە دەستەبەرکردنی مافەکانی ئەو خەڵکەی بەسەر ئەم پێکهاتانەدا دابەشکراون. ئەم نموونەیە تەنها وێنەیەکە بۆ نیشاندانی دابەشکارییەکی دەسەڵات کە لە بنەڕەتدا بۆرژوازیی کورد خەونی پێوە دەبینێ، بەڵام لەم ئاستەدا بەرتەسک نامێنێتەوە و باڵ دەکێشێ بەسەر هەموو بوارێ ژیانی خەڵکدا.

بنەمای ئەم تەرحە هیچ پەیوەندییەکی بە بەختەوەری، ماف و خۆشگوزەرانیی "تاکی کورد" و بەتایبەتیش کرێکاری کوردەوە نییە. فیدرالیزم ڕێگاچارەیەک نیە بۆ چارەسەری کێشەی کورد و ستەمی میللی، بەڵکو پرۆژەیەکە بۆ ئەوەی بورژوازی کورد لە قاڵبی ئەحزابی ناسیۆنالیستی کورددا بە ناو و نوێنەرایەتی ئەو خەڵکەی ناسنامەی قەومی کوردیان بەسەردا دابڕاوە، لەسەرەوەی ئیرادە و دەخاڵەتی خودی ئەو خەڵکەوە، لە دەسەڵات و قازانجی سەرمایە بەشیان هەبێت. لە ڕاستیدا فۆرشتنی مافی خەڵکی کوردستانە بۆ بڕیاردان لەسەر چارەنوس، بە بەشی بورژوازی کورد لە دەسەڵات. بۆ ئەوەی هەم لە خێروبێری ناوەندا شەریک بێت، هەم وەکو چینی سەرمایەداری کورد مافی چەوسانەوە و مژینی خوێنی کرێکار و زەحمەتکێشی کوردستان بۆ خۆی بێت؛ دروست وەکو وتراوە "ئەوەی خۆم بۆ خۆم و لەوەی تۆش دەخۆم"! لێرەدا بەش و بەرژەوەندیی بۆرژوازیی کورد روون و ئاشکرایە، بەڵام دەستکەوتی "کرێکاری کورد" لەم دابەشکارییەدا چییە؟! سەرۆک کۆماری تەشریفاتی و جێگری سەرۆک پەرلەمان و جێگری سەرۆک وەزیران و ئەو پۆستانەی تر کە بەناوی بەشی خەڵکی کوردستانەوە دراون بە تاڵەبانی و بارزانیەکان، چ خێر وبێرێکیان بۆ خەڵکی کوردستان هەبوە؟ بە دیاریکراوی و لەسەر ئەرزی واقع کرێکار و فەرمانبەری "کورد" لەم دابەشکاریەدا چیان پی بڕاوە؟ نەک هەر هیچ! بەڵکو دووجار چەوسانەوە، چەوسانەوەی دوقات. "کرێکاری کورد" دەبێ لەسەر بنەمای ناسنامەی ساختەی قەومی، لە پشتی بورژوازی خۆییەو بەرامبەر هاوچینە "فارس، بەلووچ، عەرەب و تورک"ەکانیان ڕابوەستێت و ڕیزی خەباتی چینایەتیی خۆی لە پێناو ژیاندا تێکبدات، بۆ ئەوەی بۆرژوازیی کورد بە ناوی خەڵکی کوردەوە لە دەسەڵات و داهاتی سەرمایە شەریک بێت.

ئەگەر مەسەلەکە باسی ئەوەیە کە کرێکار و خەڵکی کوردستان مافی خۆیەتی بە زمانی کوردی بخوێنێ، بنووسێ، قسە بکات و بتوانێ بۆ هەموو پۆستێک خۆی کاندید بکات و گۆرانی و "ئەی ڕەقیب" بڵێت ـــ وەکو ئەم کەمپینەی لە دژی حیکمەت بەرپای کردووە،دەماری ملی خۆیان دەرپەڕاندوە و بە حەماسەوەهاوار دەکەن "کورد خاک، سنوور، نەوت، مەعادن، مێژوو، کلتوور، شاخ، ژن، کوڵبەر و قەبرسانی خۆی هەیە" ـــ ئەوە یەکەم، ئەمانە هیچ پارووە نانێکیاننەخستوەتە سەر سفرەی کرێکار و خەڵکی بێدەرەتانی کوردستان، لە سیایەی فیدرالیزمدا نە خاک و نە نەوتو مەعادن و نە ئەوانی تر هیچ خێر و بیرێکیان بۆ خەڵک نەبوە و تاقە دانەیەک لەو هەموو دەردەیان دەرمان نەکردوە کە جەماوەری بێدەرەتانی کورستان بەدەستیەوە دەناڵن. لەوەش زیاتر خەڵکی کوردستانی عێراق لە سایەی حکومەتی فیدرالی کوردیدا نەوتی خۆیان بە دوقاتی ئەو نرخە دەکڕن کە بە خەڵکی تر دەفرۆشرێت، بە تایبەت "نەوتی خۆمانە" ڕێک بۆیان بوەتە مایەی نەگبەتی و بێدەرەتانی، باشترە دەرگای ئەم باسانە هەر نەکەنەوە. دووەم، ئەم خەڵکە چ لە حاڵەتی جیابوونەوە و چ لە حاڵەتی مانەوە لەگەڵ دەوڵەتی مەرکەزیدا ـ بەو مەرجەی وەکو هاووڵاتیی پلە یەک و یەکسان لەگەڵ باقی دانیشتووان هەژمار بکرێن ـــ هەموو مافەکانی مسۆگەر و دەستەبەر دەبێت. ئەوەی کە جیاوازی هەیە، تەنها فەراهەم نەبوونی "ئەوەی خۆم بۆ خۆم و لەوەی تۆش دەخۆم"ە بۆ بۆرژوازیی کورد. دروست هەر ئەمەشە کە ناسیۆنالیستە کوردەکان وەکو نوێنەری چینی بۆرژوازیی کورد سنگی بۆ دادەدڕن. ئەم بۆرژوازییە کوردییە کە لە هیچ کات و هەلومەرجێکدا ڕازی نییە بۆ ساتێکیش دەست لە مژینی خوێنی "کرێکاری کورد"شل بکات، بەڵام داوا لە "کرێکاری کورد" دەکات بەرژەوەندیی چینایەتیی خۆی وەلابنێ و بیر لە ستەم و چەوسانەوەی چینایەتی نەکاتەوە، گوێ بەوە نەدات کە بورژوازی کورد خوێنی دەمژێت، بەناوی بەرژەوەندیی درۆزنانەی هەموو کوردەوە، دژی هاوچینەکانی تری خۆی و لە پشتی بۆرژوازیی چەوسێنەری کوردەوە ڕابوەستێت.

لە ڕاستیدا فیدراڵیزم و خودموختاری، جگە لەوەی تەرح و پرۆژەیەکی تا سەرمۆخ کۆنەپەرستانەیە، جگە لەوەی پلانی بەرپاکردنی ئاشووب، شەڕ و بێنەوبەرەی نەبڕاوەی قەومییە کە ژیان و چارەنووسی هەموو خەڵک دەهاڕێت، جگە لەوەی پرۆژەیەکە بۆ هەڵاواردن و دووبەرەکی لە نێوان دانیشتوواندا، لە هەمان کاتدا پرۆژەیەکە بۆ چەوسانەوەی دووقاتی "کرێکاری کورد"؛ جارێک بەدەست بۆرژوازیی ناوەندی و جارێکی تر بەدەست بۆرژوازیی خۆماڵیی کوردەوە. بۆ "کرێکاری کورد" تەنها دەستکەوتی ئەوەیە ئەمسالی مەسروور و بافڵەکان بەشێک لەو داهاتە بە تاڵان بەرن کە دوای چەوسانەوە لە دەستی بۆرژوازیی مەرکەزی بە "کرێکاری کورد" بڕاوە. دروست وەکو ئەوەی ئێستا لە کوردستانی عێراق دەیبینین.

دۆخی ئێستای کوردستانی عێراق باشترین، ئاشکراترین و ڕوونترین ئەڵگۆی فیدراڵیزمی قەومییە کە دەبێ هەموو خەڵکی پارچەکانی تری کوردستان بەم پرۆژە و سیستەمە ئاشنا بکات. نابێ ڕەخنەی چەواشەکارانەی ناسیۆنالیستە کوردەکانی پارچەکانی تری

کوردستان لەم دەسەڵاتە کوردییە ـ بەناوی ئەوەی ئەمانە "دووکانن نەک حکومەتی کوردی" یان ئەمانە کەمکارن، بەپێی پێویستیان کردوە، تەنانەت دز و تاڵانگەرن... هتد ــ خۆڵ بکاتە چاوی خەڵک؛ گوایە بۆرژوازییەکی خۆماڵی، نیشتمانی و خەمخۆری هەموو میللەت بونی هەیە و ئەزموونێکی جیاواز و باشتر لەمانە بەدیاری بۆ خەڵک دەهێنێت. ئەمە درۆیەکی شاخدارە؛ بۆرژوازیی باش و خەمخۆری هەموو میلەت تەنها ئەفسانەیە و بوونی نییە. هەر بۆیە هەموو ئەوانەی پەیمانی ئەوە دەدەن کە لە سبەینێدا بۆرژوازییەکی باشتر لەمە دەبن، هەموو ئەوانەی کە بۆ چاوبەستی خەڵک وای نیشاندەدەن کە ئەوانیش لەم دەسەڵاتە کوردیەی کوردستانی عێراق رەخنەیان هەیە و نارازین، بەڵام بە کردەوە هەر ئێستا لە پشتی ئەم حکومەتە فیدراڵە قەومییە کۆنەپەرست، چەوسێنەر، پیاوسالار و ستەمکارەی کوردستانی عێراقەوە راوەستاون و هێزی لێ وەردەگرن، پاساو بۆ چەپەڵکاری و چاوچنۆکی و خوێنمژیان دەهێننەوە، وە بەتایبەت بە هەر رەخنەیەکی چینایەتی، سۆسیالیستی، کرێکاری و ئازادیخوازانە لەم حکومەتە، نارەحەت، هەراسان و تورە دەبن.

## بەشی چوارەم
## _ناسیۆنالیزم مایەی شەرمەزارییە بۆ بەشەر_

کوردایەتی نەریتێکی زۆر شەرمهێنەری لە کوردستاندا بەرهەم هێناوە؛ نەریتی شانازی بە کوردبوونەوە. تا رادەی ئەوەی خەڵکانێک بۆ ساتێک لە بەرنامەیەکی تەلەفزیۆنی یان راپۆرتێکدا دەردەکەون، بە سڵاوناردن "بۆ هەر چوار پارچەی کوردستان، یان بۆ هەموو تاکێکی کورد لە هەر جێگایەکی دنیا بێت" دەست پێدەکەن. بەم شێوەیە ئیمەیجێکی زۆر دواکەوتووانە و کۆنەپەرستانە لە خۆیان و لە "کورد"یش دەدەنە بینەر و بیستەر. لە هەموو دنیادا ئەوەی باوە و دروست و ستانداردە، سڵاوکردنە لەو بینەر و بیستەرانەی بەدیار تەلەفزیۆنەکەوە دانیشتوون. تەنانەت حیساب بۆ ئەوە ناکەن کە ئێستا لە کوردستاندا وەکو هەر کۆمەڵگایەکی هاوچەرخی تر، خەڵکانی بیانی کار و ژیان دەکەن، ئەوان تەنانەت فێری کوردی بوون و دەبنە بینەر و بیستەری ئەم بەرنامانە. ئەوە چ شانازییەکی تێدایە کە نیشانی بدەی "کوردەکان" ئەوەندە نەتەوەپەرستن کە تەنانەت سڵاوێک لە غەیری خۆیان ناکەن! بێگومان (بیانییەکان) لەبەرخۆیانەوە دەڵێن ئەمانە چ جۆرە مرۆڤێکن؟!ناسیۆنالیستە کوردەکان، چ ئەوانەی کە لە کوردستانی عێراقدا دەسەڵاتدار و خاوەنی سەڵتەنەتن و رێک لەسەر بناغەی ئەوەش ملیۆنان هاووڵاتی لە مەینەتیدا دەژین، و چ ئەوانەش کە بەتایبەت لە جەرگەی جەنگی ئەمریکا/ ئیسرائیل ـ ئێراندا، خەون بەوەوە دەبینن لەمرۆ یان سبەی ئێراندا ببنە خاوەن هەمان سەڵتەنەت، حەقیانە لە حیکمەت تورە و بەقین بن و نەفرەتی لێ بکەن. چونکە حیکمەت کە چارەکە سەدەیەکە لە ژیاندا نەماوە، بەڵام جیهانبینی، تێز و تێکستەکانی، بەربەستێکی گەورەی داناوە لەبەردەم بەدیهاتنی خەونەکانی ئەوان و ئەمسالی موهتەدی و لایەنە کوردییەکانی تر، کە رۆڵی گەورەیان هەیە لەم بازاڕی جنێوەدا. موهتەدی دوای دەیان ساڵ شکست و بە قەولی خۆی فریوخواردن، خەون بەوەوە دەبینێ کە بە خۆهەڵواسین بە پشتێنەکەی حەمەرەزا شاوە، ببێتە بافڵ و مەسروری سبەینێی کوردستانی ئێران. خۆی مەلاس داوە بە ناوی نوێنەری خەڵکی کوردستانەوە، خۆی و ئەمسالی لە دەسەڵات و داهاتدا شەریک بن و هەمان مەحرومییەتی خەڵکی کوردستانی عێراق بەسەر خەڵکی کوردستانی ئێراندا بهێنن. بەڵام بزوتنەوە، دید، جیهانبینی و رەخنەی حیکمەت لە ناسیۆنالیزم، بەربەستی بۆ دروست کردوون.

ئەگەر لەو رۆژگارەی کە خەڵکی کوردستان، بەتایبەت لە عێراقدا، لەژێر باری دڕندانەترین ستەم و چەوسانەوەی نەتەوایەتیدا دەیانناڵاند و بە ناحەق کوردایەتییان وەکو بزووتنەوەی رزگاری لە ستەمی نەتەوەیی دەناسی، تێگەیشتن لەو تێزەی حیکمەت کە دەڵێ "ناسیۆنالیزم مایەی شەرمەزارییە بۆ بەشەر" سەخت و دژوار بووبێت، بۆ ئەمرۆ ئیتر هیچ دژوارییەکی نەماوە. بزووتنەوەی کوردایەتی و حیزبەکانی بە دەسەڵات گەیشتن و تا ئەمرۆ ٣٥ ساڵە حوکمرانی دەکەن. لەم ٣٥ ساڵەدا لە ژێرباری چەوسانەوەدا کەمەری خەڵکی کوردستانیان چەماندەوە. هیچ چەپەڵکارییەک نەما نەیکەن و هیچ نەهامەتییەک نەما بەسەر هاونەتەوەکانی خۆیاندا نەهێنن؛ لە تاڵانی و راوڕووت، لە سەرکوت و جەنگ و کوشتار و تیرۆر و زیندانی کردنی خەڵکی نارازی، لە خولقاندنی دۆزەخ و کۆنەپەرستی بۆ ژنان، لە پێشلەشکری و گوێ لەمشت بوون بۆ دەوڵەتانی چەوسێنەری خەڵکی "کورد"، لە برسیکردنی خەڵک... تا ئەو رادەیەی لەبری هەناسەدان و هەنگاوهەڵگرتن باج لە خەڵک وەردەگرن. باجیش بە جێگای خۆی، بەڵام لە دنیادا باج داهاتێکە دەرژێتە قاسەی دەوڵەتەوە بۆ خزمەتگوزاریی گشتی وەکو تەندروستی، خوێندن، رێگاوبان و بیمەکان خەرج دەکرێت، کەچی لێرە باج دەخرێتە سەر سکەیەک راست بۆ قاسە هەرگیز پڕنەبووەکانی تاڵەبانی و بارزانی و دەست و پێوەندەکانیان. ئەمانە ساڵانێک خەڵکیان لە تاریکیدا راگرت و وتیان دابینکردنی کارەبا لە توانادا نییە، خەڵکیان لەبەردەم نەخۆشی و مەرگدا بەجێهێشت و وتیان لەوە زیاترمان لەدەست نایەت، خەڵکیان تینوو کرد و وتیان لە دەسەڵاتی ئێمەدا نییە... بەڵام هەر ئەوەندەی

ڕێگایەکیان دۆزییەوە کە ئەم پێداویستییە هەرە سەرەتاییانەی ژیانی ڕۆژانە بکەن بە ئامرازی بەرزکردنەوەی قەڵای سەروەتی خۆیان، لە "کون فەیەکون"ێکدا کارەبای ٢٤ کاتژمێری و سەدان نەخۆشخانەی ئەهلی و... فەراهەم بوو، بەڵام بە پارەیەک کە گیرفانی کرێکار و زەحمەتکێش بەرگەی ناگرێت. کەواتە هەموو پاساوەکانتان دەربارەی "ناتوانین و ناکرێت" سەرتاپا درۆ بوو.

کارکردی ئەم ٣٥ ساڵەی ناسیۆنالیزمی کورد لە عێراقدا، بەسە بۆ حەقانییەتی ئەوەی ناسیۆنالیزم مایەی شەرمەزارییە بۆ بەشەر. حیکمەت لە جەرگەی ڕاپەڕینی ئاداری ١٩٩١دا ئەم دۆخەی پێشبینی کرد و زۆر بە ڕوونی خستیە بەرچاو. هەڵبەت نەک کوتومت بەم جۆرەی ئێستا هەیە، بەڵام ڕوون و ڕاشکاو لە وەڵامی جەنابی موهتەدیدا وتی: ئەو ئاسۆیەی بەسەر ڕاپەڕیندا باڵادەستە، کۆمەڵگای کوردستان بەرەو ئایندەیەک دەبات کە بەهەشت بۆ چینی بۆرژوازی و دۆزەخ بۆ خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێش بەرپا دەکات. یەکێک لەو بەڵگانەی کە شاگردەکانی موهتەدی بە دەستیانەوە گرتووە بۆ جنێودان بە حیکمەت، هەر خودی هەڵوێستی حیکمەتە لەسەر ڕاپەڕینی ١٩٩١. بە هەزار و یەک فریوکاری دەیانەوێ تەپوتۆز بەرپا بکەن و جڵەوی تێگەیشتن لە بۆچوونەکانی حیکمەت بگرن. دەڵێن حیکمەت دژی ڕاپەڕین بوو. ئەمە درۆیەکی گەورەیە؛ ئەو ڕەخنەی لە ئاسۆی ناسیۆنالیستیی زاڵ بەسەر ئەو ڕاپەڕینەدا گرت، بەتایبەتی خۆشەتەکدانی ئەو ئاسۆیە لەگەڵ سیاسەتی ملهوڕانەی ئەمریکا. زۆر بە کورتی و بە سادەیی، حیکمەت ڕاپەڕین دژی ڕژێمی بەعسی بە مافی ڕەوای خەڵکی کوردستان دەزانی، بەڵام وتی تەنها ڕاپەڕین بەس نییە؛ بۆ ئەوەی ڕاپەڕین بە ئاراستەی بەدیهێنانی ئاوات و ئامانجەکانی خەڵکی ستەمدیدەی کوردستان بڕواتە پێش، پێویستە ئاسۆیەکی سیاسیی شۆڕشگێڕانە ڕابەرایەتی بکات. وتی ئەو ئایندەیەی بۆ ئەم کۆمەڵگایە دەنووسرێت، بەندە بەوەی کام ئاسۆ بەسەر ئەو ڕاپەڕینەدا حوکمڕانی دەکات؟ ئەگەر ئاسۆی ناسیۆنالیستی بێت، ئەوە هیچ گومانی تێدا نییە کە ئاکامەکەی دەکاتە دەسەڵات، سەروەت، خۆشبەختی و ژیانی شاهانە بۆ چینی بۆرژوازیی کورد و نەهامەتیش بۆ جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێش. ئەگەر ئاسۆی سۆسیالیستیش باڵادەست بێت، دەتوانێ ئازادی، یەکسانی و بەختەوەری بۆ هەموو خەڵکی کوردستان دەستەبەر بکات. لەم پێناوەدا حیکمەت بەرگریی لە ئاسۆی سۆسیالیستی کرد و ڕەخنەیەکی قووڵیشی لەو نەریت و ئاسۆ ناسیۆنالیستییە گرت کە ئەمڕۆ خەڵکی کوردستانی تووشی ئەم هەموو نەهامەتییە کردووە. هەموو ڕۆژ و سەعاتێکی ئەم ٣٥ ساڵەی دوای ڕاپەڕینی ١٩٩١ زۆر بە ڕۆشنی شایەتی لەسەر دروستی و لەسەرحەقبوونی ڕوانگەی حیکمەت دەدات. ئەمە هۆکاری هەموو تووڕەیی، نەفرەت و کینەی ناسیۆنالیستەکانە لەو.

## کۆبەندی

بە کورتی و بە ڕوونی، حیکمەت و کۆمۆنیزمەکەی، لە بەرامبەر فیدراڵیزم و خودموختاریی قەومیدا، ڕاشکاوانە بەرگری لەوە دەکەن کە ڕێگاچارەی دروست ئەوەیە خەڵکی کوردستان هەڵبژاردنی خۆیان بکەن؛ یان بە جیابوونەوە و دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆ، یان مانەوە لەگەڵ مەرکەزدا لە سایەی یەک دەوڵەت و یەک وڵات و یەک ستانداردی یەکپارچە و یەکساندا. خەڵکی کوردستان ئەگەر ئازادانە و هۆشیارانە ڕۆژگارێک پەی بەوە بەرن کە جیابوونەوە و دامەزرانی دەوڵەتی سەربەخۆ بە قازانجیان نییە و بیانەوێ لەگەڵ دەوڵەتی مەرکەزیدا بمێننەوە، ئیتر نابێ فریوی ئەو فیدراڵیزم و خودموختارییە بخۆن کە مانایەکی نییە جگە لە دەسەڵاتدارێتیی بۆرژوازیی کورد و شەریکبوونی لە دەسەڵات و قازانجی سەرمایە.

حیکمەت و کۆمۆنیزمەکەی بە دوو مەرج لایەنگری یەکپارچەیی وڵات و یەک ستانداردی و یەک دەوڵەتی مەرکەزین:

١. دەوڵەتی مەرکەزی لانی کەم غەیرەقەومی و غەیرەدینی بێت(بەدیلی حیکمەت جمهوری سۆسیالیستیە)، هاوڵاتیان لەسەر بنەمای قەومی و دینی دەستەبەندی نەکات و هەمووان بە یەک چاو تەماشا بکات و مافی بە تەواوی یەکسان بۆ هەموو دانیشتووان فەراهەم بکات.

٢. خەڵکی کوردستان ئازادانە و دڵخوازانە، دوور لە هەر جۆرە زەخت و فشارێک، مانەوە لەگەڵ دەوڵەتی مەرکەزیدا هەڵبژێرن و لە ڕیفراندۆمێکی گشتی و ئازادی خۆیاندا دەنگ بەم مانەوەیە بدەن.

ئەگەر بەو مەرجانەوە دەرفەت بۆ مانەوەی ئازادانەی خەڵکی کوردستان لەگەڵ دەوڵەتی مەرکەزی بڕەخسێت، زەمینە خۆش دەکات بۆ هێنانەمەیدانی ڕیزێکی چینایەتیی یەکگرتووی کرێکاریی بەهێزتر لە ئاستی سەراسەریدا. ئەمەش ڕێگای خەبات بۆ ڕزگاری لە ستەمی سەرمایە و شۆڕشی کرێکاری و دامەزرانی دەوڵەتێکی کرێکاریی بەهێز هەموار دەکات. ئەگەر نا، ئەوە مافی خەڵکی کوردستانە کە جیاببنەوە و دەوڵەتی سەربەخۆ دابمەزرێنن. ئەمە بەڵێنی سەر کاغەز نییە، بەڵکو بەندێکی تایبەتی و گرنگی بەرنامەی حیکمەت و سیاسەتێکی ڕاشکاوی کۆمۆنیستییە و لە کوردستاندا بە کردەوە کار و شەڕی بۆ کراوە و کاری بۆ دەکرێت.

**حوزەیرانی ٢٠٢٦**

# مزگەوتی گەورەی بارزانی: کڕینی شەرعییەت بە "کۆنکرێتی پیرۆز" و پارەی دزراوی کرێکاران!

## توانا محەممەد نوری


لەکاتێکدا کە زۆرینەی خەڵکی کوردستان لەژێرباری قورسی گرانی، بێکاری، هەڵاوسانی بازاڕ و دواکەوتنی مووچەدا دەچەوسێنرێنەوە، لە ناوەندی شاری هەولێر پرۆژەی "مزگەوتی گەورەی بارزانی" وەک هێمایەکی لووتبەرزانەی جیاکاریی چینایەتی قۆناغەکانی کۆتایی دەبرێت. ئەم پرۆژە زەبەلاحە کە ڕووبەرەکەی زیاتر لە ١٢٥ هەزار مەتر دووجایە، تەنیا باڵەخانەیەکی ئایینی نییە، بەڵکو نمایشێکی دەسەڵاتگەرانەی سەرمایەیە لەسەر حسابی برسییەتی و مەینەتییەکانی چینی کرێکار و خەڵکی کەمداهات. بونیادنانی تەلارێکی لەم شێوەیە لەناو جەرگەی قەیرانێکی خنکێنەردا، نیشانەدەری ئەو دووریانە قووڵەیە کە لەنێوان بەرژەوەندیی کەمینەیەکی بۆرجوازیی حزبی و ژیانی زۆرینەی خەڵکدا دروست بووە.

ئەمڕۆ دەسەڵاتی سیاسی لە هەرێم گەیشتووەتە بنبەستێکی مێژوویی و ئیفلاسی دارایی خۆی ڕاگەیاندووە. کاتێک ئامرازەکانی بەڕێوەبردن و ئابووری لەدەست دەچێت، دەسەڵاتدار تەنیا یەک ڕێگەی بۆ دەمێنێتەوە: ئەویش گۆڕینی شکستی سیاسییە بۆ جۆرێک لە "شانۆگەریی پیرۆز" تا لەو ڕێگەیەوە تەمەنی خۆی درێژبکاتەوە. ئەم پرۆژە ملیۆن دۆلارییانە هەوڵێکی چەواشەکارانەن بۆ شاردنەوەی ئەو ڕاستییەی کە تەواوی ژێرخانی وڵات لە لێواری دارماندایە و سیستەمەکە چیتر هیچ شتێکی نییە بۆ پێشکەشکردنی بە مرۆڤەکان، جگە لە وەهم و نادادی.

لەڕوانگەی چینی کرێکار و چەوساوەکانەوە، ئایین لەم جۆرە کاتانەدا وەک ئامرازێکی سیاسی و ئایدۆلۆژی لەلایەن بۆرجوازیی دەسەڵاتدارەوە بەکاردێت بۆئەوەی پاساوێکی وەهمی و ناواقیعی بۆ نادادییە مادییەکان دروست بکات. وەک چۆن کارڵ مارکس دەڵێت: 'ئایین تلیاکی گەلانە؛ ئایین نازی ئەو بوونەوەرە چەوساوەیەیە کە لە جیهانێکی بێڕۆحدا دەژی'؛ لێرەشدا دەسەڵات دەیەوێت بەم دووکەڵە پیرۆزە، بڵێسەی نارەزاییەکان بکوژێنێتەوە و تووڕەیی جەماوەر بەرەو بێدەنگی و ملدان ئاراستە بکات. ئەمە بەکارهێنانی ئایینە وەک ئامرازێکی بێهۆشکەر، بۆئەوەی مرۆڤی برسی و بێکار لەجیاتی خەبات بۆ نان و مافە زەوتکراوەکانی، سەرسامی منارە بەرزەکان بێت و لە ئاستی تاڵانیی سەروەت و سامانی گشتیدا بێدەنگ بێت.

تێچووی ئەم پرۆژەیە کە لەپشت پەردەی نادیاریدا بە دەیان ملیۆن دۆلار دەخەمڵێندرێت، لەڕاستیدا ئەو "بەهای زیادە" و سامانی گشتییەیە کە لە دەمی کرێکاران و فەرمانبەران گیراوەتەوە. هەموو خشتێکی ئەم دیوارانە بە پارەی پاشەکەوت و لێبڕینی مووچەی ئەو باوکانە بونیاد نراوە کە ڕۆژانە شەرمەزاری بەردەم خێزانەکانیان دەبن. ئەمە دزینی ڕاستەوخۆی ڕەنجی دەستی خەڵکە بۆ بونیادنانی شکۆیەکی ساختە، کە تێیدا خشتی پیرۆز بەکاردەهێنرێت بۆ پەردەپۆشکردنی دزییەکی گەورەی بۆرجوازی لە قووتی خەڵک.

هەرچەندە دەسەڵات بەپێچەوانەی هەموو



بنەماکانی شەفافیەت، تێچووی ڕاستەقینەی ئەم پرۆژەیەی شاردووەتەوە، بەڵام خەمڵاندنە ئەندازیارییەکان ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە بونیادنانی تەلارێکی لەم شێوەیە لەسەر ڕووبەری ١٢٥ هەزار مەتر دووجا، دەیان ملیۆن دۆلاری تێپەڕاندووە. ئەم سەرمایە زەبەلاحە دەیتوانی ژێرخانی وێرانبووی ئەم وڵاتە بونیاد بنێتەوە؛ بەو پارەیە دەکرا زیاتر لە دەیان قوتابخانەی مۆدێرن بونیادبنرێت، یان بەشێکی بەرچاو لە پێداویستییە پزیشکییەکانی نەخۆشخانەکانی هەرێم دابین بکرێت. بەڵام هەڵبژاردنی "کۆنکرێت" لەبری "ئینسان"، گەورەترین بەڵگەی ئەو عەقڵیەتە سیاسییەیە کە شکۆی باڵەخانەکان بە گرنگتر دەزانێت لە شکۆی ئەو مرۆڤانەی کە لەژێر هێڵی هەژاریدا دەژین.

ئەم پرۆژەیە تەنیا نمایشێکی ڕواڵەتی نییە، بەڵکو بەشێکە لە "ئابووریی تاڵانکاری" کە تێیدا سەرمایەی گشتی بەناوی پرۆژەی خێرخوازییەوە دەگوازرێتەوە بۆ گیرفانی کۆمپانیاکانی کەرتی

تایبەت کە سەر بە هەمان نوخبەی دەسەڵاتدارن. لێرەدا بۆرجوازیی حزبی دووجار قازانج دەکات؛ جارێک بە دزینی بودجەی گشتی بۆ ئەم پرۆژە زەبەلاحە و جارێکی تر بە وەرگرتنی گرێبەستی جێبەجێکردنی پرۆژەکان لەرێگەی کۆمپانیا سێبەرەکانی خۆیەوە. ئەمە سورێکی گەندەڵی و چەوساندنەوەیە کە تێیدا ئاینین دەکرێتە قەڵغانێک بۆ پاراستنی بەرژەوەندییە داراییەکانی کەمینەیەک کە لەسەر رەنجی ملیۆنان مرۆڤی ماندوو دەژین.

لەکاتێکدا منارەکانی ئەم مزگەوتە بەرەو ئاسمان بەرز دەبنەوە، ژێرخانی پەروەردە و تەندروستی لە هەرێمدا خەریکە دەچێتە ژێر خاک. نەخۆشخانە گشتییەکان بەدەست کەمبوونی دەرمانەوە دەناڵێنن و سەدان قوتابخانە هەن کە پۆلەکانیان شایستەی خوێندنی قوتابی نین. دەسەڵاتی سەرمایەداریی حزبی، وەبەرهێنان لە کۆنکرێت و نمایشی تەلارسازیدا بە گرنگتر دەزانێت لە وەبەرهێنان لە ژیان و تەندروستیی ئینسانی هەرێمدا، چونکە بەردەکان بێدەنگن و تەنیا خزمەت بە ناوبانگی سیاسی دەکەن.

بێکاری لەناو گەنجانی کوردستاندا گەیشتووەتە ئاستێکی مەترسیدار و زۆرینەیان ئایندەی خۆی لە کۆچکردنی بەکۆمەڵدا دەبیننەوە. بەو سەرمایە گەورەیەی بۆ ئەم مزگەوتە شاهانەیە خەرجکراوە، دەکرا چەندین کارگە و ناوەندی بەرهەمهێنان بونیاد بنرێت کە هەلی کار بۆ هەزاران گەنج برەخسێنێت و ژێرخانێکی ئابووریی راستەقینە دروست بکات. بەڵام بۆرجوازیی فەرمانرەوا ناوبانگی بنەماڵەیی و مانەوەی سیاسیی خۆی لەپێش هەموو پێداویستییەکی ئینسانی و بەرهەمهێنەرانەی کۆمەڵگەوە داناوە.

ئەمرۆ هەرێمی کوردستان بووەتە زیندانێکی گەورە کە تێیدا حکومەت تەنیا وەک دەزگایەکی باجکێشان و پۆلیسێکی ناوخۆیی بۆ پاراستنی سەرمایە کار دەکات. کاتێک سیستمێک توانای دابینکردنی سەرەتاییترین خزمەتگوزارییەکانی وەک ئاو و کارەبا و تەندروستی نییە، بەڵام بۆ پرۆژەی رواڵەتی و نمایشکاری هەمیشە بودجەی ئامادەیە، نیشان دەدات کە جڵەوی ئابووری لە خزمەت بەرژەوەندیی بۆرجوازیی مشەخۆردایە نەک زۆرینەی بەرهەمهێنەر. ئەمە ئیفلاسی تەواوەتی پرۆژەیەک دەسەلمێنێت کە پشتی لە بەرژەوەندییەکانی خەڵک کردووە.

ئەم جۆرە لە تەلارسازیی شاهانە، تەنیا بینا نین، بەڵکو "تەلارسازیی ترساندن و بچووککردنەوەی مرۆڤن". کاتێک تاکی هەژار و کرێکار دەچێتە بەردەم ئەم دیوارە مەرمەڕییانە و ئەو منارە بەرزانە، مەبەست لێی ئەوەیە هەست بە بچووکی و بێدەسەڵاتیی خۆی بکات لەبەرامبەر گەورەیی و هێزی بێبڕانەوەی نوخبەی دەسەڵاتدار. ئەمە هەوڵێکە بۆ چەسپاندنی ئەو وەهمەی کە دەسەڵات هەمیشەیی و خوداییە. لێرەدا کۆنکرێت دەبێتە ئامرازێکی دەروونی بۆ کوشتنی ئیرادەی گۆڕانکاری لە ناخی مرۆڤە چەوساوەکاندا.

ئەم تەلارە شاهانەیە وەک تەڵەیەکی دەروونی وایە کە دەیەوێت واقیعی هەژاری لە مێشکی خەڵکدا بسڕێتەوە. پێیانوایە کە کاتێک باوکێکی دەستبەتاڵ سەیری ئەو گەورەیی و ڕازاوەییە دەکات، مەتبەخە خاڵییەکەی ماڵەوەی لەبیر دەچێتەوە و تووڕەیی چینایەتی لەدژی کۆمپانیا حزبییەکان دەگۆڕێت بۆ تەسلیمبوون. ئەمە هەوڵێکە بۆئەوەی بێدەنگی بەسەر کۆمەڵگەدا بسەپێنرێت لەژێر ناوی پیرۆزیدا، بەڵام دیوارەکان ناتوانن بۆنی هەژاری و ئەو نادادییە قووڵە بشارنەوە کە هەموو جومگەکانی ژیانی گرتووەتەوە.

ڤیکتۆر هۆگۆ دەڵێت: 'بەهەشتی دەوڵەمەندەکان لە دۆزەخی هەژارەکان دروست کراوە'؛ ئەمە کورتکراوەی ئەو واقیعەیە کە لە هەولێر دەبینرێت؛ بەهەشتی بۆرجوازییەکان لەناو جەرگەی ئەو دۆزەخە ئابوورییەوە هاتوە کە بۆ کرێکاران و فەرمانبەرانیان دروست کردووە. مێژووی سیستەمە ستەمکارەکان پڕە لە باڵەخانەی زەبەلاح کە نەیانتوانیوە رێگە لە دارمانی ئەو دەسەڵاتانە بگرن، چونکە هیچ قەوارەیەک بە کۆنکرێت و منارەی بەرز لە تووڕەیی چینی چەوساوە ناپارێزرێت. کاتێک قەوارەیەک لە ناوەوە بەهۆی ستەم و گەندەڵییەوە لێکهەڵوەشابێت، تەنانەت گەورەترین پەرستگاکانیش نابنە فریادرەس.

لەکۆتاییدا، پێویستیی راستەقینەی خەڵکی کوردستان ئەمرۆ مزگەوتی شاهانە نییە، بەڵکو دادپەروەریی کۆمەڵایەتی، نان، کار و ئازادییە. برسییەتی بە دروشمی پیرۆز و نمایشی تەلارسازیی بۆرجوازی چارەسەر نابێت. ئەو دیوارانەی بە پارەی زەوتکراوی خەڵک بونیادنراون، رۆژێک دەبنە شاهیدی شکستی ئەو سیستەمەی کە مرۆڤی برسی کرد تا دیوارەکان برازێنێتەوە. ئیرادەی جەماوەری چەوساوە بۆ ژیانێکی ئینسانی و یەکسان، لە هەموو ئەو قەڵا و منارانە بەهێزترە کە دەیانەوێت بێکاری و ستەمی چینایەتی پەردەپۆش بکەن.

★

سکرتێری کۆمیتەی ناوەندی: **عوسمانی حاجی مارف**
مۆبایل:00964(0)7701570050
Email: Osman_maruf@yahoo.com

رێکخراوی دەرەوە: **دەشتی جەمال**
Mob: 0044(0)7856032991
Email: dashtyjamal@gmail.com

بەرپرسی سکرتاریەتی مەکتەبی سیاسی:
**جەمال موحسین**
0047(0)47276028
Email:krtariati.ms@gmail.com

# شەر و دبلۆماسی لە سیاسەتی ئەمریکادا

عوسمانی حاجی مارف

شەری چل ڕۆژەی واشنتۆن و تەلئەبیب، لە بەرامبەر تاراندا، کەمبوونەوەی کاریگەری نەخشەی بەکارهێنانی ئەو ئامرازە سەربازیانە بوو کە ئەمریکا و ئیسرائیل دەیانویست بە کورتماوە و دەستبەجێ بگەنە ئامانجە سیاسی و سەربازیەکانیان، ئەمەش بەکارهێنانی خاڵە گوشارە گرنگەکان لەلایەن ئێرانەوە بۆ نموونە داخستنی گەرووی هورمز و هەڕەشەکانی بۆ پەکخستنی کەشتیوانی لە گەرووی بابولمەندەب هاوکێشەکەی تەواو گۆری، دۆخەکەی زیاتر ئاڵۆزتر کرد و زیانی ئابوری زیاتری لێکەوتەوە، تا ئەو ئاستەی توانی دۆخی شەڕەکە بە بەرژەوەندی ئێران بشکێتەوە.

شەڕەکە هاوکێشەی خۆپاریزی لایەنەکانی نیشاندا، دیمان لایەنەکان پشتیان بە ئاڵوگۆری لێدانێکی حیسابکراو بەست بۆ ئەوەی نەکەونە ناو شەڕێکی تەواوەوە.

ئەم شێوازە ڕەنگدانەوەی گۆڕانکاریە لە نێوان لایەنی شەڕکەرەکاندا، کە بەڕێوەبردنی پەرەسەندنیان هەڵبژاردووە نەک سەرکەوتنێکی سەربازی یەکلاکەرەوە. لە شەڕی ناهاوسەنگدا، ئامانجی ستراتیژی، بە تایبەت بۆ ئەو لایەنەی توانای سەربازی و ئابووری کەمتری هەیە، لە سەرکەوتنەوە دەگۆڕێت بۆ ڕێگریکردن لە شکست، لە تەسلیمبوونەوە بۆ بەرگری.

ئێران پشتی بە تۆڕی هاوپەیمانە ناوچەیەکانی خۆی بەستبو بۆ بەئامانجگرتنی بەرژەوەندیە ئابوریەکان، جا چ لە ڕێگەی هێرشی مووشەکی یان فڕۆکەی بێفڕۆکەوان یان بە هەڕەشەکردن لە ڕێڕەوی ئاو. ئەم تاکتیکە ڕووبەڕووبونەوەکەی گۆڕیوە بۆ شەڕێکی درێژخایەن کە کۆتاییەکەی نادیارە وهێڵەکانی نێوان ئامانجە سەربازی و ئابوری و سیاسییەکانی کاڵ کردبووەوە و هەر ڕێگایەک بۆ دەرئەنجامێکی یەکلاکەرەوە مەحاڵ کردووە.

ئەو یاداشتنامەیەی کە لەم دواییانەدا ڕاگەیەندرا و نزیکبونەوەی لایەنەکانی لە ڕێکەوتن خستەروو، نیشانەی کۆتاییهاتنی ململانێکان نییە، بەڵکو نوێنەرایەتی گواستنەوەیەک دەکات بۆ قۆناغێکی نوێ، کە ئامانج لێی کەمکردنەوەی بارگژیەکانی هاتوچۆی دەریایی و ئابووری و سەربازییە لەسەر هەموو لایەنەکان بە دابینکردنی بوار بۆ مانۆری دیپلۆماسی.

جگە لەوەش، لەلایەکی ترەوە شەڕەکە دەریخستووە کە یەکگرتنی بەرژەوەندیەکان لە نێوان زلهێزەکاندا وەک پارێزبەندیەک دەمێنێتەوە لە بەرامبەر ئاگرێکی تەواو لە ناوچەیەکی گرنگی ستراتیژی جیهانیدا، کە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە و زلهێزەکان ڕکابەری تێدادەکەن.

ئەتوانین بڵێین سەرکەوتن و شکست بە مانای ئاسایی لەم شەڕەدا پێناسە ناکرێت. لایەنەکان دەستکەوتی تاکتیکی سنوورداریان بەدەستهێناوە، بەگوێرەی ئامانجە ڕاگەیەندراوەکانی شەڕەکە، لەکاتێکدا ئامانجە ستراتیژیە سەرەکیەکان بە چارەسەرنەکراوی ماونەتەوە. بۆ نموونە ئەمریکا و ئیسرائیل سەرکەوتوو نەبون لە سنووردارکردنی یەکلاکەرەوەی بەرنامە ئەتۆمییەکەی ئێران و ئێرانیش نەیتوانیوە بە زۆر دیدگای بالادەستی ناوچەیی خۆی بسەپێنێت.

ئەم شەڕە ئەو وانەیەی نیشاندا، کە شەڕەکانی ئەم سەردەمە چیتر بە واقیعی مەیدانی سەربازی پێوانە ناکرێن، بەڵکو بە توانای بەڕێوەبردنی ململانێکان و کەمکردنەوەی زیانەکان دەپێورێت، ئەمەش ئەوە پشتڕاست دەکاتەوە، دەسەڵاتی سەربازی بە تەنها بەس نییە بۆ دارشتنی چارەسەری سیاسی لە ناوچەیەکدا کە بەرژەوەندی و مەترسیی بەیەکەوە گرێدراو بێت.

لەکاتێکدا ململانێی ئەمریکا و ئێران چووە قۆناغێکی زۆر هەستیارەوە، هەردوولا بە ئامانجی کۆنترۆڵکردنی ڕووبەڕوبونەوەیەکی گەورە بون و چەند هەفتەیەک بەردەوام بون، دوای شەڕێکی درندانەی ئاسمانی و دەریایی و سەربازیی، داخستنی گەرووی هورمز و سەپاندنی گەمارۆی بەرامبەری لەخۆگرتبوو، واقیعێکی سیاسی نوێی خستەروو، کە کێ قسەی کۆتایی و سەپاندنی مەرجە ستراتیژییەکانی لە دەستدایە.؟

لەپشت پەردەی ئەم دۆخەوە، کەلێنێکی قووڵ لەنێوان هەردوولادا ئەگەری هەیە. ئەمریکا پێداگری لەسەر ڕێکەوتنێکی توند دەکات، کە هەوڵ دەدات بە ڕاگرتنی پیتاندنی یۆرانیۆم بۆ ماوەیەکی درێژخایەن کە ئەگەری هەیە بگاتە بیست ساڵ بۆ لابردنی کۆگا پیتێنراوەکانی لە وڵاتەکەدا، وەک پێشمەرجێک بۆ هەڵگرتنی گەمارۆکە، تا خواستی ئەتۆمی ئێران سنووردار بکات. بەڵام تاران ماوەیەکی کاتی دیار دەکات و کۆنترۆڵکردنی ئاسان نیە، ئێران تواناکانی دابینکردنی پیتاندن و پەرەپێدانی تەکنەلۆژیی خۆی

بەو سەروەت و سامانە دەزانێت کە لە ڕێگەی خۆراگری خۆیەوە لەسەر زەوی دەستەبەری کردووە و لە بەرامبەر بەڵێنی زارەکی یان هەڵگرتنی بەشێکی گەمارۆی دەریایی دەستبەرداریان نابێت.

دیپلۆماسی ئەمریکی بەهۆی خواستی سەرکردایەتی لە واشنتۆن بۆ پرۆژەکردنی وێنەیەکی دەسەڵاتی سەرسەخت و بەدەستهێنانی سەرکەوتنێکی سیاسی تایبەت، تا لە دەستکەوتەکانی ئیدارەکانی پێشوو زیاتر تێدەپەڕێت، ئەم سەرکەوتنە بە نیشاندانی ئەوەی کە فشاری ئابووری و سەربازی توندی تارانی ناچار کرد ئیمتیاز بدات و بەشێکی گەرووی هورمز بەڕووی کەشتیوانی نێودەوڵەتی و هاتوچۆی دەریاییدا بکاتەوە.

لەبەرامبەردا هەڵوێستی ئێران لەسەر لێکدانەوەیەکی جیاواز دامەزراوە، دەڵێت کەناڵە کراوەکانی پەیوەندی و هەوڵە بەردەوامەکانی نێوەندگیری ناوچەیی بەرهەمدار نەدەبوو، یان بەقازانجی ئێران نەدەبوو ئەگەر لایەنی بەرامبەر سەرکەوتنێکی سەربازی یەکلاکەرەوەی بەدەستبهێنایە، جگە لەوەش ئێران ڕووبەڕووی ئەو واقیعە بووەتەوە کە ئابووری جیهانی چیتر ناتوانێت بەرگەی تێچووی لەرادەبەدەری گیرانی ڕێڕەوی هورمز و بەرزبونەوەی نرخی وزە بگرێت. ئەمەش داخستنی گەرووەکەی گۆڕیوە بۆ کارتێکی فشاری زۆر کاریگەر، کەخەرجی واشنتۆن و هاوپەیمانە ناوچەییەکانی بەشێوەیەکی بەرچاو زیاد کردووە.

لەکاتێکدا یاداشتنامەی لێکتێگەیشتنی ئەمریکا و ئێران هەنگاوێکی گرنگە بۆ پێشگرتن لە چوونەناو شەڕێکی ناوچەیی، بەلام هێشتا وەک ڕێکەوتنێکی کاتیی و ئاڵۆز دەمێنێتەوە. ڕووبەڕووبونەوەی ئەم دواییەی نێوان ئێران لە لایەک و ئەمریکا و ئیسرائیل لە لایەکی دیکەوە، نوێنەرایەتی ساتێکی سەرەکی دەکات کە تەعبیرە لەو گۆڕانکاریانەی سروشتی ململانێی ناوچەیی و نێودەوڵەتیدا هێناویەتییە ئاراوە. ئەم ڕووبەڕوبونەوەیە تەنیا پێکدادانێکی سەربازی ئاسایی نەبوو، بەڵکو بەرجەستەکردنی واقیعێکی ستراتیژی نوێ بوو کە ڕەهەندە ئەمنی و ئابووری و جیۆپۆلیتیکییەکان تێیدا تێکەڵ دەبن.

ئەم شەڕە دەریخست کە تێچووی شەڕ لە ژینگەیەکی ناوچەیی زۆر ئاڵۆزدا زۆر زیاترە لە دەستکەوتە ئەگەریەکانی هەر لایەنێکیان، بۆیە ئێران هەوڵیدا پیادەی ئەوەبکات، هاوکێشەی هاوسەنگی خۆی لەو ڕووبەڕووبونەوەیەدا فراوانتر و بەربلاوتر بکات، مەودای خۆی دابەشکرد بە کەڵک وەرگرتن لە دەوڵەتە عەرەبییەکانی کەنداو وەک گۆڕەپانێکی جیۆپۆلەتیکی و ئابووری پەیوەست بە تێوەگلانیان بە جەنگەوەکەوە، ئەمەش سیمایەکی ناوچەیی و نێودەوڵەتیی بە ململانێکان بەخشی، وایکرد کە چارەسەری سەربازی ڕاستەوخۆ ببێتە بژاردەیەکی مەترسیدار و دەرئەنجامەکانی نادیار بێت.

ئەوەی ڕۆشنە ئەمریکا وەک سەرمایەیەکی ستراتیژیی گرنگ لە ناوچەکەدا سەیری ئیسرائیلی کردووە. بەلام ئەمڕۆ ئەم گریمانەیە لەبەردەم لێکۆڵینەوەیەکی تری سەربازی و سیاسیدایە! نەزمی نێودەوڵەتی ئێستا لە گۆڕانکاری خێرادایە، دەیان ساڵە هاوبەشی نێوان ئەمریکا و ئیسرائیل، باری ئەمنی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیان لە قاڵب داوە، ئەوەی کاتی خۆی وەک هەڵمەتێک بۆ هەژموونی سەربازیی ڕەها دەستیان پێکرد، بە تێپەڕبوونی کات گۆڕاوە بۆ بەرگری سیاسی و مانەوە.

ڕاگەیاندنە سەرەتاییەکانی واشنتۆن و تەلئەبیب بەڵێنی گۆڕینی تەواوەتی هاوسەنگی هێزی ناوچەییان دابو، بەلام واقیع پاشەکشەی تیژی لەو مەبەستانەیان نیشاندا. ئێستا چوارچێوەی ئاشتی سەریهەڵداوە، کە لە ڕێگەی کەناڵە دیپلۆماسییەکانەوە لە ئیسلام ئاباد دەکرێت، واقیعێکی جیۆپۆلەتیکی وەهای ئاشکرا کرد کە زلهێزەکان ناتوانن واقیعە سەختەکانی ئابووری جیهانی پشتگوێ بخەن. ئەم ڕێکخستنی ستراتیژییە کاریگەری قووڵی لەسەر ناوچەکە هەیە، بەدواداچوونی بیۆچانی دۆناڵد ترەمپە بۆ دەرچوونێکی دیپلۆماسی ڕاستەوخۆ، هەموو ئەو کاریگەرییە سیاسییە دەکاتە قوربانی کە بنیامین ناتانیاهۆ دروستی کردووە، ئەمەش ئاماژەیە بۆ دابەزینی ئاستی هاوسەنگی ململانێی ئەمریکا و ئیسرائیل لە ناوچەکەدا.

لەسەرەتای ململانێکاندا، قسەکانی کۆشکی سپی یەکلاکەرەوە و ڕەها بوو، داڕێژەرانی سیاسەتی ئەمریکا داوای تەسلیمبوونی تەواوەتی تارانیان کرد، بە ئاشکرا باسیان لە سەپاندنی گۆڕانی سیاسی و هەڵوەشاندنەوەی تەواوی تۆڕەکانی بەرگری ناوچەیی دەکرد، ئەمەش هەڵەی وەهمی ئاسۆیەکی بەخشی بە بەشێکی زۆری ئۆپۆزیسیۆنی کۆماری ئیسلامی و خۆیان ئامادەدەکرد بۆ دۆرانی ئێران و ڕوخانی کۆماری ئیسلامی لەم شەڕەدا.

بەلام ئامێری دەوڵەتی ئێران نەڕووخا، لەبری ئەوە، ئیدارەی واشنتۆن خۆی لە نقوم بونی شەڕێکدا تێوەگلانووە، کە کۆتایەکی ڕوونی لە بەرچاودا نەبوو، ئەمەش لەگەڵ نزیکبوونەوەی هەڵبژاردنی ناوەڕاستی خولی کۆنگرێسدا فشارێکی زۆری ناوخۆیی بو لەسەر سەرۆکایەتی ئەمریکا، خەڵکی ئەمریکا ئیتر تاقەتی ئەوەیان نەمابوو کە بودجەی هەڵمەتێکی سەربازی دیکەی درێژخایەن لە ڕۆژئاوای ئاسیادا دابین بکەن. لە ئەنجامدا کۆشکی سپی بە شێوەیەکی سیستماتیکی داواکارییەکانی دابەزاند، پێداگری پێشوو لەسەر گۆڕینی ڕژێم بە دانوستانی پراگماتیک جێگەی گرتەوە، واشنتۆن ئامادە بوو گەرەنتی تایبەت سەبارەت بە کۆگاکردنی یۆرانیۆم و ئاسایشی دەریایی قبوڵ بکات، ئەمەش پاشەکشەیەکی بەرچاوە لە ئاواتەکانی جیۆپۆلەتیکی ئەمریکا، لە هەمانکاتدا گورزێکی گەورەبو بۆ ئەو ئومێدەی ئۆپۆزیسیونی کۆماری ئیسلامی چاوەڕوانی دەکرد.

بزوێنەری سەرەکی ئەم پاشەکشە دیپلۆماسییە گۆڕانکاری لە ئایدۆلۆژیای سیاسیدا نییە، بەڵکو واقیعی توندی جوگرافیای دەریاییە. داخستنی گەرووی هورمز لەلایەن ئێرانەوە چەکێکی ئابووری بوو کە هێزە سەربازییە تەکنەلۆژییە بەرزەکان نەیانتوانی بێلایەنی بکەن، ئەم گەمارۆیە بە شێوەیەکی کاریگەر لەسەدا ٢٠ی دابینکردنی نەوتی خاو لە جیهانی ڕاگرت و لەسەدا ٣٠ی بازرگانی نێودەوڵەتی بە پێوانەی کیمیایی پەککخست.

کاردانەوەی ئابووری دەستبەجێ و توند بوو، نرخی بەنزینی ناوخۆیی لە ئەمریکا بەرزبووەوە و فشارەکانی هەڵاوسانیش دەستی کرد بە هەڕەشەکردن لە سەقامگیری دارایی ڕۆژئاوا، هەڵمەتی ئاسمانی ئەمریکا ملیارەها دۆلاری خەرج کرد لە هەوڵی پاراستنی ڕێڕەوی ئاوەکە، بەڵام سیستەمی بەرگری دەریایی پێشکەوتوو نەیتوانی بەسەر تۆپۆگرافیای بنەڕەتی کەنداودا زاڵ بێت، کەناراوەکانی باکووری شاخاوی ئێران پاراستنی پێکهاتەیی بۆ جبەخانەی مووشەکی ناهاوسەنگەکەی دابین کرد، سوپای ئەمریکا درکی بەوە کرد کە کردنەوەی ڕێڕەوی کەشتیوانی بە زۆر پێویستی بە شەڕێکی زەمینی بەرفراوان دەبێت، لە بەرامبەر هەڵبژاردنی نێوان دارمانی ئابووری لە ناوخۆ و لەشکرکێشییەکی زەمینی درێژخایەن لە دەرەوەی وڵات، واشنتۆن دیپلۆماسی هەڵبژارد، ئەولەویەتەکان لە بەدەستهێنانی سەرکەوتنێکی سەربازی یەکلاکەرەوە گۆڕا بۆ سەقامگیرکردنی بازارەکانی وزەی جیهانی. ئەم بڕیارە تیشک دەخاتە سەر وانەیەکی چارەنووسساز، کە جوگرافیا وەک تەکنەلۆژیای باڵادەست لە شەڕی ئەم سەردەمەدا دەمێنێتەوە و پلاندانەرانی سەربازی ئێستا دەبێ پشتبەستنیان تەنها بە هێزی ئاسمانی هەڵسەنگێننەوە.

ئەولەویەتەکانی جیهانی ئەمریکا بە ناچاری و لە دنیای واقعدا لە گۆڕاندان، واشنتۆن دەبێت هەڵاوسانی ناوخۆیی بەڕێوەببات و دابینکردنی وزە مسۆگەر بکات و سەرنجی ستراتیژی درێژخایەنی خۆی لەسەر بەرزبوونەوەی چین چڕبکاتەوە. ململانێ درێژخایەنەکەی ڕۆژئاوای ئاسیا خەریکە سەرچاوە بەنرخەکانی ئەمریکا دەڕژێنێت و واشنتۆن لە هاوپەیمانە ئەوروپیەکانی دابڕێت.

لەکاتێکدا واشنتۆن کەمکردنەوەی پەرەسەندنی ناوچەیی بە شتێکی بنەڕەتی بۆ سەقامگیری ئابووری جیهانی دەزانێت، تەلئەبیب هەر چوارچێوەیەکی ئاشتی پێشوەختە وەک شکستێکی لە بونی خۆیدا دەیبینێت.

کاتێک ترامپ وەک دۆڕاوێک بەڵگەنامەی سەرکەوتن واژۆ دەکات، چوارچێوەی ئێستا "شەرعیەتی نێودەوڵەتی و هەرێمی" بە تاران دەبەخشێت وەک یاریزانێکی سەرەکی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا.

☆

# ژنانی ئەفغانستان پێویستیان بە پشتیوانی ئازادیخوازان هەیە!

دەسەڵاتی ئیسلامی فاشست و دژی ژن و دژی ئازادی تاڵیبان لە ئەفغانستان، کە دوای نزیکەی ٢٠ ساڵ شەڕ وکاولکاری ئەفغانستان لەلایەن ئەمریکاوە بەناوی شەڕ لە دژی تیرۆرەوە، دوبارە دەسەڵاتی ئەفغانستانیان ڕادەستکرایەوە، بەردەوامن لە سەپاندنی یاسا پڕتوکاوەکانی ئیسلام و بێمافکردنی ژنان و کچان لە سەرەتاییترین ماف و ئازادیەکانیان. مافی خویندن و فێربوونیان لە کچان سەندۆتەوەو ژیانی ژنانیان کردۆتە دۆزەخێکی واقعی لەسەر زەوی و کۆمەڵگای نوقمی تاریکی و بێمافی و نەبوونی کردۆتەوە.

لەدرێژەی تاوانەکانیدا دژی ژنان و ماف و ئازادیەکانیان، هەفتەی ڕابردو بە درندانەترین شێوە ژنان و پیاوانێکی ئازادیخوازی بە بەرچاوی کامێراکانەوە کۆمەڵکوژ کرد کە هاتبوونە سەر شەقام و داوای مافی (خوێندن و ژیان و ئازادی) یان بۆ ژنان دەکرد.

نانێ ئەم تاوانە دڕندانەیە بە بێ وەڵام بمێنێتەوە لەلایەن بەرەی یەکسانیخواز و ئازادیخوازی جیهانەوە. نابێ ژنانی ئەفغانستان بە تەنیا جێبهێڵین، دەبێ بە هەرشێوەیەک و لەهەرشوێنێک ئیمکانی هەیە دژی ئەم تاوانەی تاڵیبان و تاوانەکانی دیکەی دژ بە ژنان و سەرکوتکردن و بێمافکردنیان دەنگ هەڵبڕین. دەبێ فشار بۆ نەتەوە یەگرتووەکان و یەکێتی ئەوروپا و ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکان بهێنین کە دژی دەسەڵاتی کۆنەپەرست و دژە ژنی تاڵیبان و بۆ پشتیوانی لە ژنانی ئەفغانستان بێنە دەنگ.

هەر لێرەوە داوا لە سەرجەم یەکسانیخوازان و ئازادیخوازان و لایەنگرانی ماف و ئازادیەکانی ژنان دەکەین کە بەشداری لەو خۆپیشاندان و نارەزایەتیانەدا بکەن کە لە شاری ستۆکهۆڵم پایتەختی سوید و ئۆسلۆی پایتەختی نەرویج و شیکاگۆ و واشنتۆن لە ئەمریکا بەڕێدەخرێن لەدژی تاڵیبان و بۆ پشتیوانی لە خەباتی ژنانی ئازادیخوازی ئەفغانستان لەپێناومافی: خوێندن و ژیانێکی یەکسان و ئازادی.

**حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری کوردستان، ڕێکخراوی دەرەوە**

**١٧ ی حوزەیران/ جونی ٢٠٢٦**